# شیکردنەوەی پراگماتیکی شیعرەکانی حەمە عەباس

# شیكردنەوەی پراگماتیكی شیعرەكانی حەمە عەباس

غازی حەسەن

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **شیکردنەوەی پراگماتیکی شیعرەکانی حەمە عەباس**
- نووسینی: غازی حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (۲۰۰۰) دینار
- تیراژ: ۵۰۰ دانە
- چاپی: ۲۰۲۰
- چاپخانە: ماد (تاران)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (۳۰۹) لەساڵی (۲۰۲۰)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (۱۰۳۲)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك

بەشی یەکەم:
پراگماتیک، زانستی شیکردنەوەی بەکارهێنان و دەوروبە........... ١١
بەشی دووەم:
ماناو دەق و لە "دەفتەرەکانی باخەڵی" حەمە عەباسدا................. ٢٠
بەشی سێیەم:
شیکارێکی پراگماتیکی بۆ شیعری "بێگۆڕ"..................................... ٥٤
بەشی چوارەم:
شیکارێکی پراگماتیکی دەقی "بۆ تۆ ئەی مەرگ"ی....................... ٨٤

## پێشەکی:

### ناونیشان توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لەژێر ناونیشانی " شیکردنەوەی پراگماتیکی شیعرەکانی حەمە عەباس "ە. لە پێکهاتەی زمانی هەندێک دەقی شیعری دەکۆڵێتەوە. مەبەستی سەرەکی شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە لەنێو دەقی شیعریدا، ئەرکەکانی زمان لە بەدیهێنانی پەیامێک، کە دەبێتە مایەی جووڵاندنی خوێنەر. شیعر گوتاری هەیە، وەکو چۆن وێنە و وێناکردنی تێدایە. شیعر یەکسانە بەزمان و بیرۆکە و هەست و نەست. ئەمانەش هەموویان پەیوەندیان بە ئەرک و کردەی بەدیهێنانی مەبەست لەڕێگەی زمانەوە هەیە.

شیعری کورد لەزۆر بواردا قسەی لەبارەوە کراوە، بەڵام شیکردنەوەی دەق لەڕێگەی دیاریکردنی توانا و پێویستی بەدیهێنانی هێز لە دەربڕین و مەبەست لەچوارچێوەی ئەرک و دەوروبەر و ڕاپەڕانی خواستدا، سنوور دارە، بۆیە ئێمە لەم ڕوانگەیەوە، لەڕێگەی زانستی پراگماتیک کارمان لەسەر هەندێک دەقی شیعری (حەمە عەباس) کردووە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:

لەرێگەی هەستکردن بەدەرکەوتنی کاریگەرییەکانی زمان لەکایەی هەست و نەست و بەدیهێنانی مەبەست و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەنێو دەقی شیعردا،بۆیە بۆ پتر شیکردنەوەی ڕۆڵو کاریگەریی‌و چۆنیەتی دیاریکردنی توانا و پێگەی (وەرگر و خوێنەر)

لەنێو دەقدا دیار بکەین، چونکە توێژەر خوێنەرێکی هوشیاری کارایە، بۆ ئاشکراکردنی هەموو توخم و واتا و ئەرک و کارانەی لەنێو دەقدا بەرجەستەیە، ڕەنگە خودی نێرەر/ شاعیر و نووسەر وەکو مەبەستێکی دیاریکراو بەکاری نەهێنابێت، بەڵام لای خوێنەر و وەرگر پێکهاتەیەکی گرنگ و کارایە. ئەم بابەتەمان هەڵبژارد وەک توێژینەوەی لە بواری زانستی پراگماتیکدا.

**تیۆری توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان لەچوارچێوەی زانستی پراگماتیکی ئەنجام دراوە، پشتمان بەتیۆری کردە قسەییەکان و بنەماکانی هاریکاری و پێشگریمانە بەستووە، کە پێمان وایە گونجاون بۆ بەرجەستەکردنی گوتاری شیعر و واتا و دونیابینی و وێناکردن و وێنەی شیعری.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی (وەسفی- شیکاریی) ئەنجام دراوە، سەرەتا بوارەکانی کردە قسەیی و بنەمای هاریکاری و بەرگریمانەی، وەکو تیۆرێک بۆ شیکردنەوەکەی دەقەکان دەستنیشان کراون.

**پرسیاری توێژینەوە :**

لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەم پرسیارانەدا لەنێو گوتاری سیاسی کوردی کردووە:

یەکەم/ ئەرکی زمان لە گەیاندنی پەیام و مەبەست لەچوارچێوەی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

دووەم/ ڕاپەڕاندنی گوتار، دیارخستنی پێکهاتەی دەق کەبریتییە لە (نێرەر و بابەت و وەرگر).

سێیەم/ دەق پەیوەندیی قوڵی بە هزر و زمانەوە هەیە، دەق بەرهەمی بەکارهێنانی زمان و بیرکردنەوەیە. ئەمەش بەشێکی پەیوەستە بەبنەماکانی پراگماتیک بۆ ئەوەی هێزی بەدیهێنان و پێویستییەکانی دەق لە (مەبەست و پەیوەندیکردن و ڕاپەڕاندنی کردە و خواستەکان) شی بکاتەوە.

چوارەم/ پێگەی خوێنەر و وەرگر لە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا.

**بایەخی توێژینەوە:**

دەکرێت بەڕوونی بڵێین، لەدوو بواردا بایەخی توێژینەوەکەمان بەدیار دەکەوێتو بەرجەستە دەبێت:

یەکەمیان/ لەڕووی تیۆرییەوە سود بەتوێژەرانو توێژینەوەی زانستی لەمبارەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە کارمان لەسەر لایەنی تیۆری پراگماتیکی کردووە.

دووەم/ لەلایەنی پراکتیکییەوە، دەتوانرێت ئەم توێژینەوەیە بکرێتە سەرەتایەکی گونجاوو لەبار بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانو دیاریکردنی دەوروبەری بەکارهێنانەکانی زمان لەلایەن (نێرەر و وەرگر) و ئەو ئەرکانەی زمان لەباری (واتا و مەبەست و پەیوەندیکردن)ەوە هەیەتی. ئێمە پێگەی خاوەنی دەق لە (زمان و بابەت و بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمان) دیاردەخەین، واتە دەق دەبێتە ناسنامەی دەقنووس، نەک بەپێچەوانەوە، دەقنووس بکرێتە ناسنامە و پێوەر بۆ بەهێزی و بێهێزی دەقەکە. لەهەمان کاتدا ئێمە کارمان لەسەر گوتاری زمان لە دەقدا کردووە، نەک لایەنی هونەری و شێوازی بەرهەمهێنانی دەقێکی باڵای ئەدەبی، یان دەقێک کە تەنیا

مومارەسەی هەست و سۆزی خودی بکات. واتە پێمان وایە دەق لەڕێگەی زمانەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ خۆی دروست دەکات.

**سنووری توێژینەوە:**

سنوری ئەم توێژینەوە لەچوارچێوەی ئاستی پراگماتیک دایە. کار لەبواری زمان و ئەرکی زمان دەکات، نەک ژانری ئەدەبی و هونەری بەرهەمهێنانی دەقێکی نووسراو، لەپێناو قەپێلک.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوە جگە لەپێشەکیو لە پێنج بەش پێکدێت:

**بەشی یەکەم** - تیۆر و ناساندنی پراگماتیک پێناسەی تیۆر و چەمک و پێناسەی پراگماتیک .

**بەشی دووەم**- مانا و دەق لە "دەفتەرەکانی باخەمی"ی (حەمە عەباس). گریمانە و پێشگریمانەی نێو دەق

**بەشی سێیەم**- شیکارێکی پراگماتیکی بۆ شیعری "بێگۆڕ".

**بەشی چوارەم**- شیکاری پراگماتیکی دەقی "بۆ تۆ ئەی مەرگ"

# بەشی یەکەم

## پراگماتیک، زانستی شیکردنەوەی بەکارهێنان و دەوروبەر

تیۆری پراگماتیکی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەریهەڵداو دوای شەڕی جیهانی دووەم پێی نایە قۆناغێکی نوێو پێگەیەکی گرینگی لەتوێژینەوەی زمانەوانیو شیکردنەوەی دەقو دەوروبەرو پەیوەندیو کردە قسەییەکانو باری کۆمەڵایەتیو دەروونیو ڕۆڵی وەرگر تۆمار کرد. بیرۆکەی پراگماتیک لەگەڵ بۆچوونەکانی (ولیام جێمس William James/1842- 1910 ) دەستی پێکرد، کە بایەخی بەلایەنی سوودو بەرژەوندی داو وابەستەی واقیعی سوودمەندی کرد. جێمس فکری وابەستە کرد بەواقیعی زانستیو بەکارهێنانی ڕاستەقینە لەگەڵ پێداگرتن لەسەر بەرژەوەندیو سوودمەندیو بەرهەمهێنان. (چارل ساندرس پێرس1914 -1834 - Charles S. Peirce) بایەخی بەلایەنی پراگماتیکی واتایی دا، کە لەسەر بنەمای سیستەمی ئاماژەکان بەڕێوەدەچێت. ئەو جیاوازی لەنێوان ڕەمزو نیشانەو هێماکان کرد، لەتەک بایەخدان بەسێ لایەنی واتاسازی، کە مەنتقیو وجودیو ئەنتۆلۆجییە. دوای ئەویش چارل مۆریس هات بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان هەر سێ بوارە ڕووکارییەکان لەزمانی سروشتی بکات، وەکو ڕووکاری ڕێزمانی، ڕووکاری واتایی، ڕووکاری پراگماتیکی. مۆریس پەیوەندی

پراگماتیکی راگەیاند، کە واتای ئەرکی دەوروبەری دەگەیەنێت. ئەم ئەرکی دەوروبەرییەش وەکو کاردانەوەیەک لەسەر بۆچوونەکانی چۆمسکی هات، کە بایەخ بەرێزمانو واتا دەداتو گرینگی بەئەرکی دەوروبەر نەدەدا. ئەمە لایەنێکی گرینگو بەرچاوە بۆ ئەوەی چەمکی راستەقینەی پەیوەست بەزمانی مرۆڤ بەدەستبهێنین. ئەم تیۆرەو گەشەکردنی لەنیوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، توێژینەوەی زمانەوانی لەئاستە جیاوازەکان گەیاندە قۆناغێکی پێشکەوتوو. توانی زمان وەکو کردەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو دەروونی لەچوارچێوەی دەوروبەرێکی دیارکراو لەلایەن نێرەرو وەرگر شیبکاتەوە. ئەم شیکردنەوەیەش چووە ئاستێکی فراوانتر لەوەی هەر تەنیا شیکاری دەنگو وشەو رستەو واتا بێت.

لەبارەی شیکردنەوەی زمانەوانیو پراگماتیکی لەقوتابخانەکانی رۆژئاوا دەکرێت ئاماژە بەجۆرێک لەم دابەشبوونە بکەین. کۆمەڵەی مۆریس (بنیفینستو لاینسو ئۆریکشیون) لەخۆگرتبوو، ئەمانە جەختیان لەسەر تیۆری دوانو بەستنەوەی بەدەوروبەری پەیوەندی دەکردەوە، کە لەسەر ئەم بنەمایانە کاری دەکرد: ناوە ئاماژەییەکان، راناوەکان، ئامرازەکانی پێناسە، کەرەستەکانی هەبوونو کاتو شوێنو شێوازی سۆزداریو هەڵچوونو بڕیاردانو دەربڕینی ئاڕاستەیی لەبارەی پێویستیو شوێنەکانو لایەنی مەعریفیو لایەنی کردەییو لایەنی کەینونەو دەرکەوتن.

قوتابخانەی فەلسەفەیی ئیکسفۆرد، کە (ئۆستنو سێرلو گرایس)ی لەخۆگرتووە، بایەخی بەتیۆری کردە قسەییەکان دا، بەو واتایەی کە کردە قسەیی هەلومەرجی وەرگر دەگۆڕێت، سیستەمی

بیروبۆچوونەکان دەگۆڕێتو هەڵویستە رەوشتییەکانی ئاڵوگۆڕ دەکات. هەروەها (ڤان دایکو هالیدایو روقیە حەسەن)یش لەنێو تیۆرەکانی گوتاردانو دوانو مەبەستو ئەرکی دەناسرێنەوە، هەروەها ئاڕاستەیەکی دیکەی گێڕانەوەش هەیە، کە (کریمسو جۆزیف کورتیسو گرووپی ئەنتروڤیرن) بانگەشی بۆ دەکەن، هەروەها لەپەیوەندی پراگماتیکیدا (پۆل ریکۆر) رۆڵی هەیەو بایەخی زۆر بەدەوروبەر دەداتو قوتابخانەی فرانکفۆرت لەگەڵ هابرماس بایەخ بەدەوروبەری پەیوەندی دەدات. (جمیل الحمداوی،٢٠١٥، ١٢)

پراگماتیک لەوشەی (پراگما Pragma) یۆنانی هاتووە، کە واتای کارکردنو پراکتیک دەگرێتەوەو بۆیەکەمجار لەساڵی ١٩٣٧ لەلایەن (چارلز مۆریس) بەکارهێنراوە، سەرباری گەلێک پێناسەی دیکە،[١] زمان لە کتێبەکەی بەناوی (زانستی رەمزەکان semiotics

---

پراگماتیک ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە، کە بایەخ بەزمانو گوتار دەدەن، ئەم پێناسەیە لەلایەن (آ.م.دیلر A.M. Diller) و (ف. ریکاناتی F.Recanati) کراوە. . ل. سفیز (L. Sfe) دەڵێت: پراگماتیک لێکۆڵینەوەو پسپۆرییە دەچێتە نێو زمانەوانیو بایەخ بە بەکارهێنانی زمان لەپەیوەندیکردن دەدات. پراگماتیک وەکو (ف. جاکویس F. Jacques) دەڵێت بریتییە لە(لێکۆڵینەوەی زمان کەدیاردەیەکی گوتارییو پەیوەندیکردنو کۆمەڵایەتییە لەیەک کاتدا.بڕوانە (غازی حەسەن، ٢٠١٧، نامەی ماستەر).

ئینسکلۆپیدیای کەمبریدج پێناسەکەی وەها داڕشتووە: ئەم زانستە بەرانبەر وشەی Pragmatics بەکاردێت. پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی زمان لای کەسەکان دیاردەکەن، هەروەها ئەم کاریگەرییە لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە لەیەکێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئینجا کارتێکردنی بەپێی نێرەرو خواستەکانی وەرگر. ( Levenson: 1997, 25)

دەکاتە سێ بەش (سینتاکتیسseyntatics، واتاسازیSemantics پراگماتیک Pragmatic). (محمد معروف فتاح،٢٠١١، ١٨٢). ئەو لقەی زانستی زمان، کە لەپێوەندییەکانی واتایی نێوان زمانو دەرەوەی زمان دەکۆڵێتەوە بە (پراگماتیک Pragmatics) ناودەبرێت. (وریا عومەر ئەمین،٢٠١١، ١٥). پراگماتیک ئەو زانستە نوێیەیە، کە لێکۆڵینەوە لەدیاردەکانی زمانەوانی لەبواری بەکارهێنان دەکات. ( مسعود صحراوی، ٢٠٠٥، ١٦).

ئەم زانستە لەئەنجامی پێشکەوتنو تێکەڵبوونی زمانەوانی لەگەڵ بوارەکانی دیکەی زانستدا کاردەکات، گەلێک بواری وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکانو بایۆلۆجییەکانو بەکارهێنانی زانستی رەمزەکان، کە فراوانەو دەچێتە بواری پراگماتیکییەوەو تێکەڵی زانستی (زمانەوانی کۆمەڵایەتیsociolingusitics و زمانەوانی دەروونی psycho- linguisticsو بایۆلۆجی biological )،دەبێت. (محمد معروف فتاح،٢٠١١، ١٨٢)

(جوفری لیچG.leech 1983) پێی وایە پراگماتیک جیاکردنەوەی دوو مەبەستە بۆ هەر دەبڕینێک، یان باسێکی پەیوەندیکردنی زمانەوانییە، یەکەمیان مەبەستی هەواڵدانە، یان واتای رستەیە، دوومیشیان مەبەستی پەیوەندیکردنە، یان ئەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی. (جێنی تۆماس Jenny Thomas) دەڵێت: "پراگماتیک بریتییە لەمیکانیزمی وەسفکردنی شێوازو چۆنیەتی قسەکردنی قسەکەرێک لەکۆمەڵدا". (غازی حەسەن، ٢٠١٦، نامەی ماستەر).

پێناسەی زمانەوانی بۆ پراگماتیک لەلایەن (ئان. ماری دییرAnne-Marie Diller)و (فرانسوا ریکاناتیFrancois Recanati) بەمجۆرە کراوە "پراگماتیک شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە

لەگوتاردا، ئەمەش نیشاندەری توانایەکانییەتی لە گوتار پێشکەش کردندا). (فرانسوا ارمینکو:،١٩٨٦، ٦). تیۆری پراگماتیک بایەخ بەڕۆڵی گوتاربێژ دەدات لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم گوتاربێژانە هەر تەنیا بەهۆی زمانەوە تێکەڵی یەکتر نابن، بەلکو ئەمانە پێشوازی دەکەن، لەم تێکەڵبوون‌و هاوکاریی کردنەی هەیە. ( فیلیب بلانشیه، ٢٠٠٧،٨٤). (بێتی .ج بیرنەر Betty J. Birner) لەبارەی پەیوەندی نێوان شیکردنەوەی پراگماتیک‌و واتا دەڵێت: "پراگماتیک شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە لەدەوروبەردا لەکاتی بەراوردکردنیدا بەسیمانتیک، بەڵام سیمانتیک شیکردنەوەی پیشەی واتای سەربەخۆیە لەدەرەوەی دەوروبەردا". (Birner: 2013, 2). لەمبارەوە بۆچوونی دیکەش هەیە.(

(ستیفن سی. لێڤینسۆن) لەبارەی گوتەو بەرهەمهێنان‌و شیکردنەوەی گوتە لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە دەڵێت: "دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان هەڵوێستی گوتە لەفیچەرە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەڵاوێرکردنی ئەو فیچەرانەی، کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتی‌و زمانەوانییەوە پەیوستمان دەکەن بە بەرهەمهێنان‌و لێکدانەوەی گوتەوە". (ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠٠٩ ،١١). پراگماتیک زانستێکە لەواتا دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ جەختکردن، لەپەیوەندی نێوان ئاماژەکان‌و بەکارهێنەرانی‌و دەوروبەر، پتر لەوەی، کە بایەخ بەسەرچاوەو هەقیقەت، یان پێکهاتەکان بدات. (جمیل الحمداوی:٢٠١٥،٩).

کاتێک باسی ئاستەکانی زمان دەکرێت، پراگماتیک وەکو زانستێکی نوێی لێکۆڵینەوەی زمان دەردەکەوێت‌و لەهەمان کاتیشدا وەکو ئاستێک دوای واتا/ سیمانتیک دێت، هەروەها "پراگماتیکی فراوان لەسەر زەمینەی توانستی کۆمەڵایەتی/ پەیوەندیکردن، پراگماتیک، تیۆری کردە قسەییەکان، تیۆری بەدستهێنانی زمانی

دووەمو پراگماتیکی زمانی ناوەکی دروست دەبێت". (غازی حەسەن، ٢٠١٦، نامەی ماستەر). راستە لەچوارچێوەی ئەو بنەمایەی، کە کاریگەرترینو ئاشکراترین ریگەی بەکارهێنانی کاری راپەڕاندنە، کە ئەمانە راستەوخۆ گومان لای گوێگر ناهێڵن. (قیس کاکل توفیق، ١٩٩٥، ٤٤). بەڵام "گفتوگۆکردن لەبارەی زمانەوانی پراگماتیکی، گفتوگۆیە لەبارەی ئایا ئاخاوتن لەسیاقێکی دیاریکراودا چی دەگەیەنێت .

(یاکۆبسن) مێتا زمان وەکو ئامرازێک سەیر دەکات، کە ئاسایی لەڕووداوە قسەییەکاندا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەناوەڕۆکی ئەو گوتارەی لێی دەدوێتو سوودی لەبەکارهێنانی زمانەوانەکان بۆ میتازمان وەرنەگرتووە، بۆ قسەکردن، یان کارکردنە سەر زمان وەکو بابەتێکی زانستی بواری ئەرکەکانی وەسفکردنو رۆنانەوەی رستە، لەبڕی ئەو (یاکۆبسن) سەیری مێتازمان دەکات وەکو جۆرێک لەئامرازی واقعیی، کە بەرەو بابەتێکی زمانی سیستەماتیکی دەبات. (هەمان سەرچاوە، ١١).

لەزمانی کوردیدا بۆ باسکردنی پراگماتیک هەر وشە ئینگلیزییەکە وەکو خۆی Pragmatices بەکاردەهێنین. تاکو ئێستا بەگشتی لەسەر ئەوە رێککەوتن هەیە، کە ئەم زانستەی زمان نوێترینیانە بۆ توێژینەوە لەئاستەکانی زماندا، بەتایبەتیش واتاو گوتار. ئەو هۆکارانەی کاریگەریشیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی قسەکەر/ نێرەر هەیە لەکاتی دیارکردنی دەستەواژە، یان کارتێکردنی وەرگر/ بەکارهێنەر بۆ ئەم دەربڕینانە بەم شێوەیە:

- دەوروبەری (قسەکردنSpeak ، یان دەربڕینUtter).
- بنەماکانی (پەیوەندیکردن comincotion)ی دیار.
- ئامانجەکامی (قسەکەرSpeaker) واتا نێرەر.

لەمەش گرینگتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، پراگماتیک پەیوەندی بەقسەگۆکردنەوە هەیە، وەکو (بینفینست) ئاماژەی پێدەکات جیاوازییەکی گەورە لەنێوان زمانو قسە دەرناکەوێت، بەلکو جیاوازییەکە لەنێو قسەگۆکردن دایە مەبەستیش لێی ئەوەیە، کە دەگوترێت، (قسەگۆکردن/ تلفظ) کردەی قسەکردنە. (فرانسوا ارمینکو، ١٩٨٦، ٧).

## بایەخی پراگماتیک:

بواری بەکارهێنانی پراگماتیکی گەلێک لایەن دەگرێتەوە، ئەو لایەنانە پەیوەستن بەدەوروبەرێکی دیارکراوو هەریەکەش لەوانە کۆمەڵێک بنەماو هۆکارو بەکردەوە بەرێوەچوونی پراگماتیکی تێدا بەرجەستە دەبێت، وەکو چۆن زمان لەدەوروبەری (کۆمەڵایەتیSocial)و (رەوشتیداBehaviour) لەچوارچێوەی پەیوەندیکردندا، دەریدەخات، کە زمان واتە کردەو کردەش واتە دەربڕینی رەوشتو باری دەروونیو بەرجەستەکردنی هەقیقەتو رەتکردنەوەی هەقیقەت لەگوتاردا. زمان پێگەیەکی باڵا لە دەرخستنو بەکارهێنانی لەدەسەڵاتدا هەیە، دەسەڵات خودی زمانە، بۆیە پێویستە ئاماژە بەو بوارانە بدەین، کە شیکردنەوەی پراگماتیکی بایەخیان پێدەدات، وەکو:

باری سیاسی، ریکلام، پڕوپاگەندە، شیعرو ئەدەب، چیرۆکی زۆر کورت، گوتار، ئاشکراکردنی تاوان، چارەسەری دەروونی، نوکتە، مانشێتی رۆژنامەوانی. ( حافظ اسماعیل علوی، ، ٢٠١٤، ٢٢٥-٢٧٧). لەم توێژینەوەیەدا شیکاری گوتاری سیاسیو باری زمانو رۆڵی دەوروبەری پەیوەندیکردن دەکەین، ئەمانە سێ بواری گرینگی

زمانەوانیو پراگماتیکن. سیاقی کۆمەڵایەتی قسەکردن، نێرەرو وەرگرو کردەی قسەکردن لە چ ئاستێکدا بەرێوەدەچێت، کارتێکردنو بەشداری زمان لەبەرهەمهێنانی گوتاردا لەکۆمەڵگەی کوریدا لەچ ئاستێک دایە؟ یان رۆڵی گوتار لەبەرهەمهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو بەدیهێنانی هێزی قسەکردنو بڕیارو حوکمو فەرمانو هەواڵداندا چییە؟

**سەرچاوەکان:**


د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ئەکادیمای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

ئاڤێستا کەمال مەحمود، پراگماتیکی پرسیار و فەرمان لەزمانی کوردی، چاپخانەی رەنج، مەڵبەندی کوردولۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

فرانسسو ارمینکو، المقاربة التداولية، ترجمة سعيد علوش، مركز الانماء القومي، الرباط، ١٩٨٦.

فيليب بلانشية، التداولية من اوسن الى غوفمان، ترجمة صابر الحباشة، اللاذقية ، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، ٢٠٠٧.

جميل الحمداوی، التداوليات وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، مكتبة المثقف، ٢٠١٥.

مسعود صحراوی، التداولية عند العلماء العرب، لبنان، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٥.

قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێوان دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەین، ٢٠٠٢.

حافظ اسماعیلي علوی- عبدالرحیم، منتصر التداولیات وتحلیل الخطاب، دار کنوز المعرفة العلمیة للنشر والتوزیع، عمان الاردن ٢٠١٤.

غازی حەسەن محی الدین، گوتاری سیاسی دەسەڵات، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەی پراگماتیکی، زانکۆی سۆران، فاکەلتی ئاداب، ٢٠١٦.

Birner, Betty J. Introduction to Pragmatics, printed in Singapore by Ho printing Singapore pre Ltd، 2013.

Levinson, Stephen C,Pragmatics, cambridge Universtiy press. 1997.

# بەشی دووەم

## ماناو دەق و لە "دەفتەرەکانی باخەڵی" حەمە عەباسدا

دەق بەرهەمی بیرکردنەوەیە، دەقی نووسراو، گوتراو هەتا هێماش هەمان ئەرک و پەیام و کاریگەرییان هەیە، کە گوتن دەیگەیەنێت. لەنێو دەقدا مەبەستێک، یان پتر لەنێو یەک دەقە وشە و دەربڕین و هێمادا هەیە، ڕەنگە دەیان مەبەستیش بەرهەم بهێنێتەوە. مەبەست دەبێتە ڕێگا و ئامانجی بەدیهێنانی واتا. (ئۆگدن و ریچاردز) دەڵێن زمان کاریگەری زۆری لەسەر فکر هەیە (اوغدن و رتشاردز، ٢٠١٥، ل ٣٦٣). دەق بەرهەمی زمان و زمانیش پەیوەستە بەفکر و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرانی لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا.

ئامانجی شیکردنەوە

مەبەست لەشیکردنەوەی ئەم دەقە، گەڕانە بەدوای واتادا هیچ مەرج نییە تێڕوانین و تێگەیشتنی منی خوێنەر لە (واتا و مەبەست)ەکانی دەق نووسەکەدا هەمان (واتا و مەبەست) بگرێتەوە. ئەو دەقێکی فڕێ داوەتە نێو دەریای (خوێنەر و خوێندنەوە و شیکردنەوە) کتومت ئەو هەست و سۆز و تێڕوانینە ناگرێتەوە، کە

خۆی مەبەستیەتی، یان خوێنەر سەرلەنوێ لەشێوە گوتارێکی نوێ بەرهەمی دەهێنێتەوە.. ئەمەش ئازادی بەخوێنەر دەدات بەدید و لێکدانەوە و مەبەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ دەقەکان بکەن.

هیچ مەرج نییە (مردن) لای شاعیر هەمان ئەو مردنە فسیۆلۆجییە بێت ، کە خوێنەر تێی دەگات، (من) و (تۆ)ش هەمان شتە. واتای فەلسەفی (شێواو)، هەمان واتای (کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و دەروونی و ئابووری.. تاد) نادات، بۆیە لای هەر خوێنەرێک ئاساییە، واتا و مەبەستێکی جودا بگەیەنێت.

ئامانجی شیکردنەوە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی گوتاری خودی ئەو دەقەیە، کە دونیایەکی جیاواز، ناهاوسەنگ، نادادپەروەر و پڕ لەڕەتاندن و سڕینەوە و سڕکردن و ناکۆکی و.. تاد دروست دەکات. بێگومان خودی دەقەکە لای عاشقێک جیاوازترە لای لەکەسێکی فریودراوی دەستی عەشق، بەهەمان شێوەش هەمان دەق لای سیاسییەک جیاوازە لەکەسێکی ئاسایی.. واتای واتاکانیش بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی خودی دەقەکە و خوێنەرەکانی ئاساییە بگۆڕێت، تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاوازیش دروست بکەن.

ئامانجی شیکردنەوە، دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەو دیوی واتا سروشتی و دەربڕینە سادەکانە، کە واتا و مەبەستی ئاڵۆزتر لەدەربڕینەکانیان دروستکردووە. مەبەست شیکردنەوەیە، نەک هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەدەقێکی شیعر و چۆنیەتی نووسینی شیعر، واتە ئێمە کارێکی زمانەوانیمان لەبارەی دەقەکە کردووە، نەک کارێکی ڕەخنەگرانە لەبارەی هونەری شیعر.

بۆ (حەمە عەباس) و دەفتەرەکانی باخەڵم

(حەمە عەباس) لەناخەوە بەدوای واتای مرۆبوون و ژیان و کێشەکانی ژیان و  مردن دەگەڕێت، ئەو شتانەی لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا مرۆڤ گیرۆدەی (بیرکردنەوە و بڕیار و خۆخواردنەوە و ئازار و بڕیار و بادانەوە و گرژی و بوژانەوە و کێشەی دەروونی ...تاد) دەکەن. (حەمە عەباس) هەمیشە بۆنی کتێب و وشەی لێ دێت، بۆیە هەست دەکرێت لەنێو هەر وشەیەکدا کتێبێک لەواتا هەیە.

دەفتەرەکانی باخەڵم بریتییە لەکۆمەڵە شیعرێکی پچڕ پچڕی تەواوکەری یەکتر.. نازانم (حەمە عەباس) هەروا لەگۆترە دەفتەرەکانی دابەشی چەند دەقێکی نێو دەفتەرەکان کردووە، یان بەوردی بیری لەواتا و مەبەستی ڕێکخستنی بەشەکانی نێو دەفتەرەکان و دابەشکردنیان کردۆتەوە. شاعیر لە(دەفتەری مردن) دەست پێ دەکات و دەچێتە نێو دەفتەرەکانی دیکە بەم شێوەیە (دەفتەری شێواوی و دەفتەری ژن و دەفتەری مەی و دەفتەری وەڕسی و دەفتەری سۆز و دەفتەری تۆ) و ئینجا بە(دەفتەری من) کۆتایی بەدەفتەرەکان دەهێنێت.. لێرەدا ژیان لەمردن دەست پێ دەکات و لەمن کۆتایی دێت، ئەمەش پیشانی دەدات ژیان لای شاعیر بەهەڵگەڕاوەیی  دەست پێ دەکات.

واتا، بەرهەمی واتایە

زمانەوان و شیکارانی واتا، بەشێوەیەکی گشتی پێیان وایە واتا لەچەند بارێکدا دەردەکەوێت، لەوانە:

واتای تایبەت بەوشەکان، کاتێک باسی وشە دەکرێت وەک یەکەیەکی سەربەخۆ.
واتای دەوروبەری سیاقی وشە کاتێک، کە باس لەوشە بکرێت و لەدەوروبەرێکی وتەیەکدا بەکاربهێنرێت. (د. تالیب حوسین، ٢٠١١، ل ٢٧).

واتای گوزارشت و ڕەوانبێژی و واتای نێو واتا، یان ئەو واتایانەی زهنین و پێویستە بەپێی بەکارهێنانیان دیار بکرێن.


جیاوازی و ڕێکنەکەوتن لەبارەی واتای واتاوە، درێژەی هەیە، بۆیە ئەمە هانمان دەدات پێداگری لەسەر ئەوە بکەین، کە واتای نێو هەر واتایەک، یان واتای هەر واتایەک و هەر دەنگێک، بڕگەیەک، وشەیەک و ڕستە و دەقێک بەدەوروبەری بەکارهێنانەکەی ببەستینەوە. پراگماتیک بڕوای بەبەکارهێنان هەیە و مەبەست و کارەکان لەبەکارهێنانەوە شی دەکاتەوە، ئەمەش دەرفەتی تێگەیشتن لەواتامان باشتر بۆ دەڕەخسێنێت.
بۆ نموونە
شکان
دەکرێت چاوگ بێت، شکام، شکای، شکاین، دەشکێم و دەشکێمەوە، هەروەها دەکرێت بڵێین ئەوان شکان، واتا لەدۆخی کەسی سێیەمی کۆ. دەکرێت واتایەکی مەعنەوی و فیزیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیشی هەبێت، بەڵام ئەوانە هەمووی لەدۆخی بەکارهێنان لای بەکارهێنەرانی لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا دەردەکەون.

**شیکردنەوەی واتا:**

پراگماتیک ئاسان کارییەکی زۆری بۆ دۆزینەوەی واتای هەر شتێک کردووە، بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێناندا. هەندێک لەپسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە بەچەند ڕێگەیەک دۆزینەوەی واتای وشە و واتای شتەکان ئەنجام دەدرێت، لەوانە

**یەکەم:** بەڕێگەی شیکردنەوە شیکردنەوە لەڕێگەی واتا وەکو :

بیر --- هێمابۆکراو ( شتەکە) ------ هێما (وشە)





دووەم: بەڕێگەی گەیشتنی کارەکی (عملی) دیراسەی وشەکان دەکرێت سەبارەت بەچۆنیەتی کارکردنیان لەناو زماندا. بایەخ بەڕۆڵی وشە دەدرێت، بۆ نموونە وشەی (( سارد))

ئاوەکە ساردە.

خوێنی ساردە. (د. تالیب حوسێن،٢٠١١، ل٢٧).

سارد و وسرە

لەم دۆخەدا سارد سێ واتای جیاواز بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکەی دەگەیەنێت. ئەمەش وا دەکات لەکاتی شیکردنەوەی هەر دەقێکدا بەشێوەیەکی گونجاو لەواتای واتای هەر وشە و دەربڕین و هێما و دەستەواژەیەک بگەین. ئاسانتر لەواتای هەر دەقێکیش بگەین، کە مەبەست و ئامانج و خواستێکی تێدایە.




حەمە عەباس دەڵێت:

"چ خۆشە پیاو ببێتە شیعرو

ژنێک بیخوێنێتەوە". (حەمە عەباس، ٢٠١٨، ل١٣٨).

واتە (شیعر) لای (حەمە عەباس) دوو واتا دەگەیەنێت، یەکەمیان ئەو دەقە نووسراوەیە، کە شاعیر بەرهەمی دەهێنێت. دووەم پێناسە و وەسف و چوواندنی کەسێکە لەشێوەی (شیعر).

ژنێک بیخوێنێتەوەش بەپێی دەوروبەر و بیرکردنەوەی شاعیر و خوێنەر واتای (خوێندنەوە) دەگۆڕێت.

خوێندەوە: واتای کردەی خوێندنەوە دەگەیەنێت.

خوێندەوە: واتای لێ تێگەیشتن لەکەسایەتی نێرەر، یان شاعیر دەگەیەنێت.

خوێندەوە: لەدۆخی هیواخواستن و مەبەستخوازییە.

خوێندەوە: مەجازە.

خوێندەوە: ژنێک لەنێرێک بگات، مەبەستی عەشق و شتی دیکەش دەگەیەنێت.

**جۆرەکای واتا**

واتا دەکرێت بەچەند جۆرێک پێگە و بەها و کاریگەری و کارتێکردن و پێناسەی خۆی و وشە و هەرشتێکمان بۆ دیاری بکات، کە بەمەبەستی هەمەجۆر بەکاردەهێنرێت.

واتای هۆشەکی (فکری): بەکارهێنەرانی زمانەکە لەسەر واتای وشەکان ڕێککەوتن بۆ نمونە (کچ و کوڕ .. تاد).

واتای بابەتی: پەیوەندییان بەمەبەستی قسەکەرەوە هەیە.

واتای بارکراو: (لاوەکی، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوە، ئیحائی) دەگرێتەوە.


واتای لاوەکی: جێگیر نییە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت.

واتای شێوازی: بەپێی پلە و باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی قسەکەر دەگۆڕێت.

واتای دەروونی: پەیوەستە بەباری دەروونی ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، ئەمەش پتر لەواتایەک دەگرێتەوە، کە لای تاکە کەس دروست دەبێت.

واتای ئیحائی: وشەکان توانای تایبەتیان هەیە بۆ نموونە هەلهەلەی ژنان ئیحائە بۆ خۆشی .. فیکەی شوان ئیحائە بۆ بانگکردن. (د. تالیب حوسین،٢٠١١، ل٢١-٢٦).

لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین دەق بەکارهێنانی ڕووداوێکی قسە و گوتنە، کە ئەرکی هەمەلایەنی هەیە، هەروەها (براون و یۆل)یش پێیان وایە "دەق تۆمارێکی زارەکی گوتراوی ڕووداوێکی پەیوەندیکردنە". ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە دەق کۆکردنەوەیەکی ڕاشکاوی نێوان گوتن و مەبەست و دەربڕین و وێناکردن و پەیوەندیکردن و گوتارە.



بەڕاشکاوی ئەمە جەختکردنەوەی لەبارەی (ئەرک و پەیوەندیکردن)ی لەخۆگرتووە. دەقی شیعریش ڕووداوێکی هەست و نەست ئامێزی گوتراوە بۆ بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن. واتە دەق (ئەرک و کردەی پەیوەندیکردنی) تێدایە. (واتا)ش بەدیهێنانی کردەی فکری و گەڕان بەدوای فرە ئەرک و مەبەست و خواست دەگرێتەوە.

لە(دەفتەرەکانی باخەڵم)دا ئەرکی گەیاندنی (هەواڵ و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تێڕوانین وگفتوگۆ لەگەڵ ئەو و تۆ و ئێمە و خودی شاعیری تێدایە، لێکدانەوەی تایبەتی نێرەری دەقەکەی لەخۆگرتووە، بانگەواز و هۆشداری و هاندان و پەیوەندیکردن و ڕەتکردنەوە و فەرمان و پاڕانەوە و بادانەوە و گەیشتن و ڕاکردنی تێدا دەبینرێت)، ئەرکی گەیاندنی زانیاری و هەڵوێستی لەپێناو کردەی پەیوەندیکردن بەخوێنەری تێدایە.

ئەمەش وای کردووە کردەی (Action) مرۆیی لەلایەن کەسێکەوە، کە لێرەدا (شاعیرە) دەقێک بەرهەم دەهێنێت و ئاراستەی ( Oriente ) گوێگرەکانی دەکات، تاکو (Realations ) پەیوەندییەکانی لەسەر جۆرێکی جیاوازی هەمەلایەنە دروست بکات (احمد مداس،٢٠٠٤).

لەنێو هەر دەقێکدا، کە ئامانجی بەدیهێنانی گوتارێکی شیعری تەژی لەکاریگەرییە، مەعریفە و هەڵچوونی وابەستە بەدابونەریتی کۆمەڵایەتی و کاریگەری دەروونی لەخۆ دەگرێت. هەر دەقێک لەنێوەڕۆکدا کۆمەڵێک (واتا و هێما و ئاماژە و کردەی بەدیهێنانی شتێک لەخۆ دەگرێت). ( ڤان دایک،١٩٩٧، ل ٤٩- و ٥٢. ).

(ڤان دایک) لەسێ گۆشەنیگاوە دیقەتی دەقی ئەدەبی داوە: یەکەم گۆشەی ڕووداوەکان، گۆشەی بەکارهێنانی ڕستەکان و گۆشەی کردە

قسەیی. لەگۆشەی یەکەمدا ڕووداوەکان بەیەکەوە بەستراون و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. لەگۆشەی دووەمدا پێکهاتەی ڕستە و وشە و واتا دەگرێتەوە، لەگۆشەنیگای سێیەمدا، کە کردە قسەیە، بەهای پراگماتیکی لەبوارەکانی کردەی (داواکردن و هەواڵ و بەدیهێنانی گونجان و پەیوەندیکردن و بانگەواز و هوشداری و هاندان و ڕەتکردنەوە و فەرمان و پاڕانەوە و بانگەواز و فەرمان ... تاد ) دەگرێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوە، پشت بەشیکردنەوەی ئەرکی زمان و واتا لەبەدیهێنانی کردە قسە دەبەستێت. چۆن دەقێک لەڕێگەی قسە و بەکارهێنانی وشەوە کردەیەک بەدی دەهێنێت.

بۆ نموونە کردەی (داواکردن و هەواڵ و گەیاندنی زانیاری و ڕەتکردنەوە و جەختکردنەوە) لەنێو ئەم دەقە گوتراوەدا هەیە، کە دەڵێت: (دەمەوێت بمرم و ژیان لێناگەڕێ/ حەمە عەباس ٢٠١٨، ل٧). کردەی (هەواڵ) بەرجەستەیە، کە دەڵێت: (منداڵەکە سەرمای بوو، ل ١٥) و کردەی پەیوەندیکردن کەدەڵێت: (بەمردن بڵێن، حەمە عەباس، ٢٠١٨ ل ١٧) کردەی (ئاگادارکردنەوە)، کە دەڵێت: (هاتۆتە ژوورەکەم و ئەم کونە فیرارە نادۆزێتەوە کە لەترسی ژیان خۆم تێیدا شاردۆتەوە، حەمە عەباس، ٢٠١٨، ل ١٩). کردەی پەیوەندیکردن پانتاییەکی بەفراونی لەدەقەکەدا پێ بەخشراوە، زۆربەی گوتن و داوا و ئاراستە و پاڕانەوە و شیکردنەوە و هەواڵ و هەڵچوون و دڵتەنگی و وەسفکردنێک و تێڕامانێکی نێو دەقە شیعرییەکە، گوتارێکە بۆ پەیوەندیکردن و دۆزینەوەی ئەو کات و شوێنەی ئارامی بوون و گەڕانەوە بۆ ژیانی بۆ بەدی دەهێنێت.

کردەی ڕەتکردنەوە یەکێکە لەو دەقە دیارانەی شاعیر وەکو واتا و بەدیهێنانی واتایەکی گونجاوی تایبەت بەدەوروبەری خودی خۆی کاری لەبارەوە کردووە، وەکو پێکهاتەیەکی دەروونی و هەڵوێست کاری تێدا کردووە. ڕاشکاونە لەنێو واتایەکی نوێدا (تاقەتی نییە و سەلاو و فەرشی سوور و جەژنە ناجەژنەکان و ماچی بێهەست) ڕەت دەکاتەوە، بۆیە تێکەڵبوون بەهەموو دیاردە و کات و شوێنێک ڕەت دەکاتەوە و خۆی (لەناو پێچووپەناکانی شیعر و شەراب دەشارێتەوە، حەمە عەباس،٢٠١٨ ، ل ٩٢). ئەمە واتای واتایەکی سروشتی نییە. ئەو بەدوای واتایەک لەپشت ئەو واتا ڕۆتینی و سروشتیەی نێوی (شیعر و شەرابە) دەگەڕێت. واتایەکی مەعنەوی، لاوەکی و هۆشەکییە.

ئەو دەیەوێت واتایەکی نوێ بەپێچوپەنا بداتەوە، وەکو ئارامگەی دەروونی شاعیر دەری دەبڕێت، خۆی دەشارێتەوە، چونکە لەدیاردە باوەکانی (ماچی بێهەست و فەرشی سوور و سەلاوی دراوسێکان) بێزارە. ئەو کردەی هەواڵی خۆی و زانیاری دەرباری بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی و بڕیار و حوکم لەبارەی هەڵسوکەوتی دەروونی خۆیمان پێ ئاشنا دەکات. پێشمان دەڵێت: (پێچوپەنای شیعر و شەراب) شوێنی ئارامگرتنی ئەون.

کردەی گەیاندنی زانیاری و فەرمان و داواکردن لەم دەقەدا جێگەی کراوەتەوە (شەڕ هات.. بائێمە بڕۆین.. هەرچی هەیە بەجێیبێلین... تەنها کفنەکانمان ببەین... حەمە عەباس،٢٠١٨، ل١٠٣).

شەڕ هات واتای (کردەی هەواڵ و گەیاندنی زانیاری و ئاگادارکردنەوەمان) پێ دەبەخشێت. بائێمە بڕۆین، فەرمان و داواکارییە، هوشداریدان و بەئاگاهێنانەوەیە. بڕیاری تێدایە، کە دەڵێت هەموو شتەکان بەجێبێلین، هیچ گومانم نییە، خوێنەرێکی دیکە

دەتوانێت لەدەوروبەرێکی جیاواز لەدەوروبەری من، بەمەعریفە و تێڕوانین و لەبارێکی دەروونی تایبەتدا، واتا و ئەرک و کردەی نوێ لەنێو ئەم دەقانە بدۆزێتەوە.

دەق کردەی پەیوەندیکردن و بەدیهێنانی مەبەستێکە (ئەو شتەی لای نووسەر مەبەستێکە، ڕەنگە لای خوێنەرەکانی فرە لێکدانەوە و دەربڕین و هەمەجۆر و فرە مەبەست و خواست و واتا بن).

لەگۆشەنیگای دووەمدا، کە پێکهاتەی ڕستە و وشە و واتاکانە. دەکرێت بڵێین دەقەکان پشت بەژمارەیەکی زۆر دەقی لێکجیا دەبەستن، بەڵام دوای تەواو بوونیان جارێکی دیکە بەیەک بەستراونەتەوە. لەهەندێکیان ڕستەکان  کات و هەناسە و مەبەست و پەیامی جیاوازی ڕستەکان و دەقە بەیەک کۆکراوەکانمان نیشان دەدەن، ئاماژەکان و واتاکان کاتی جیاواز و گوتاری جیاوازی دەقەکانمان پێ دەڵێن، لەهەندێک دۆخیشدا ڕستەکان توانیویانە ئەم جیاوازییە لەکات و مەبەست و پەیام و واتا و دۆخی بەیەک بەستنەوە و بەدیهێنانی یەک دەق بەرهەم بهێنێت.

ڕستەکان کورتن، سادەن، هەڵچوون و کاردانەوە و باری دەروونی نووسەر پیشان دەدەن، واتاکان هەڵگەڕاوەن، واتای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تێدایە، ئاماژەکان و ئەگەر و پرسیارەکان زۆرن، لەدەوری (مردن و ژیان و دۆزینەوەی ئەو) دەخولێنەوە.

دەقەکە گوتارێکی مرۆیانەی پڕاوپڕ لە(ڕەتکردنەوە، داواکردن، گفتوگۆ، بیرکردنەوە، هەڵوێست و گەڕان بەدوای ژیان لەنێو مردن و دەستپێکردن لەمردنەوە  بۆ ژیان و قسەکەن لەسبیەنێوە بۆ دوێنێ لەخۆگرتووە). پەیامێکی مرۆیی لەبارێکی دەروونی جەنجاڵ و ئاڵۆز و ڕەتێندراوی لەخۆگرتووە. پەیامی گوتارە شیعرییەکە (نووسەر

خۆیەتی دەدوێت و بیردەکاتەوە، بەڵام دەکرێت پەیامەکە گشتیش بێت، یان هی گروپ و کۆمەڵە کەسێکی هەستیاریش بێت.

ڕستە و گوتنەکان پێکهاتەی دەقن، دەقی گوتارێک ڕەنگە لەیەک دەنگ، وشە، ڕستە، یان پەرەگراف پێکبێت. ڕستە و وشەکانیش بەپێی ئاوازەی دەربڕین مەبەست و خواست و پێویستییەکانیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە، کە دەگوترێت :

**دوێنێ باران دەباری؟ It was Raining yesterday?**

**ئایا دوێنێ باران دەباری؟was It raining yesterday?** (جوان لاینز، ١٩٨٠ ، ل ٢٤ ). واتای مەبەستەکان دەگۆڕێت، لەڕستەی یەکەمدا کردەی هەواڵی باران بارینی دوێنێمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە ڕستەی دووەمدا گومان و پرسیارە، باسی دۆخێک دەکات مەبەستێکی جیاواز لەمەبەستی یەکەمی تێدایە.

شاعیر دەپرسێت:

**ئەرێ کەسێک سەفەر ناکات**

**تاپێبڵێم خوداحافیز.** (حەمەعەباس،٢٠١٨، ل ١٢٩).

ئەگەر تەنیا (کەسێک سەفەر ناکات) بێ (ئەرێ) ئەرک و مەبەست و شێواز و هەڵچوون و ئاوازەی دەربڕین و پرسیار و گوتارەکەی گۆڕانی تێ دەکەوێت.

ئەمەش واتای گوتن و دەربڕینەکان دەگۆڕێت. لەیەکەمیاندا هەواڵی ئەوەمان پێ دەدات، کە دوێنێ باران بوو، بەڵام لەڕستەی دووەمدا پرسیارە. دۆخی ڕستەکە و مەبەستەکانی نێو ڕستەکە بەتەواوی دەگۆڕێت. مەبەستم لەوە ئەوەیە. لەو دەقەی لەبەردەستی ئێمە دایە شاعیر لەنێو دەقێکدا دەیەوێت بڵێت: خەڵک لێرەن، گومانی

پەیداکردووە خەڵک سەفەر نەکەن، دەیەوێت بەڕێیان بکات، مەبەستی ئەوەیە ئەو سەفەر ناکات و دەمێنێتەوە.


هەروەها کردەی نەفیکردنیشی تێدایە لە(نەکردن) دەردەکەوێت، لەڕووی دەروونیشەوە بە(گومان) وەسفی دۆخەکە دەکات، (نیگەرانە)، (دوودڵە)، (فشارێکی دەروونی زۆری لەسەرە)، (متمانە نییە). (داواکاریی هەیە).

**دەق و دەسەڵات:**

هیچ مەرج نییە ڕاگەیاندن بتوانێت ببێتە هۆکار و سەرچاوە بۆ بەدیهێنانی دەقێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات و ڕاپەڕاندنی واتا و دروستکردنی مەبەستێکی دیاریکراو. هیچ مەرج نییە لەئاهەنگی بڵاوکردنەوەی کتێبدا، ئامادەبوونی بەرپرسەکان ببێتە سەرچاوەی بەدیهێنانی دەقێکی زیندووی کاریگەری بەهێز. دەقی زیندوو خوێنەری زیندوو بەرهەم دەهێنێت و بەپێچەوانەشەوە گوتاری دەقێکی زیندوو لەڕێگەی وەرگر و خوێنەری زیندوو بەرهەمدێت. وابزانم ئاهەنگی ئیمزای کتێب بۆ ئەوەی بەرپرسەکان نەک خوێنەرەکانی تێدا ئامادە بن، وەکو پرسی ماتەمینی و سەرەخۆشییە بەبۆنەی مردنی دەقێک، نەک گەورە پیشاندانی.

دەق پشت بەکۆمەڵێک بنەمای (زمان و واتا و مەبەست و تەکنیک و هێما و ڕەمز و شێواز دەبەستێت)، ڕەنگە نووسەر بەشێوەیەکی زۆر چڕ ئەم بنەمایانەی بەکارهێنابێت، ڕەنگیشە لەبنەڕەتدا شاعیر بەڕێککەوت ئەم شتانەی بەسەردا ساخ کرابێتەوە. گرینگ دەق هێزێکی ڕیشەداری سەرکێش و دونیابینی و گۆڕانگخوازیی و بەدیهێنانی واتا و فرە واتایی لەخۆ گرتووە، کە لەڕووی زمانەوانییەوە

(واتا، دونیایەک واتا)و (لێکدانەوە) بەرهەم دەهێنێت، ئەم دەقە دەتوانێت خوێنەری بەردەوامی هەبێت، خاوەنی گوتارێکی مەعریفی، جوانساز و ڕچەشکێنن بێت، دەشتوانێت دەقێکی هیچ بێت.




**شیکردنەوەی دەق**

لەمردنەوە دەست پێ دەکات و لە من کۆتایی دێت. مردن واتا ئاساییەکەی کۆتایی ژیان ناگەیەنێت، بەڵکو سەرەتای بیرکردنەوەیە، کۆتایی کۆتایی هاتنی ژیانە.. مردن بەواتا و لێکدانەوەیەکی قووڵی گەڕانە بەدوای ژیاندا. واتا مەبەستی شاعیر لە(مردن) کۆتایی ئازار و مەینەت و دابڕان و ناسینی خەڵک و برسیەتی و پێڵاوی دڕاو و حەزی لەخەون بینین و مرۆڤبوون نییە، بەڵکو ئاشتبوونەوە لەگەڵ مردن و مردن تەنیا مردنە و بەس، عەشق هیچە و مردن شکۆدارە،

مردن لەدەرەوەیە، لەنێوان ژیان و مردن دوو دڵە، خۆی لەژیان شاردۆتەوە و مردن نایدۆزێتەوە، دوو مردن قەرزارە و ژیان تەمەنی دەخاتە زبڵەوە، بۆیە بەمردن مژولە، مردن کات و ساتی خۆی هەیە... تەنیا جارێک دەنوویێت هەڵناستێتەوە) واتە لەکۆتایدا یەک مردن هەیە، ئەویش نووستنێکی ئەبەدییە.

واتای مردن لەم دەقەدا هەمان مردن و واتا نییە، کە خوێنەرێکی ئاسایی تێی دەگات.. مردن گفتوگۆیەکی بەردەوامە لەنێوان بوون و نەبووندا، لەمەش پتر لەنێوان ناکۆکی و پێکهاتە جەنجالەکانی خودی مرۆڤدا.

دەقێک بەدوای نەمریدا دەگەڕێت، وەکو چۆن (هیچ) بۆتە سەرەتای کۆتاییەکی پڕ لەناکۆکی و ململانێ لەنێوان بوون و نەبووندا، تەنیا وای لێهاتووە شاعیر دەڵێت:

**جاروجار فشەم بەدونیا دێ**

**جاروبار دونیا فشەی پێمدێ**

**جاروبار لەمردن هەڵدێم**

**جاروبار مردن لەمن هەڵدێ**

**جاروبار جامێک مەی تەفروتونا دەکەم**

**جاروبار جامێک مەی تەفروتونام دەکا**

**جاروبار دەنووم و هەڵدەستمەوە**

**جارێک**

**تەنها جارێک**

**دەنووم و هەڵناستمەوە.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٢٤).

وەڕس بوون، چ واتایەک دەگەیەنێت، لای خوێنەرێکی گەنج وەڕسبوون بێزارییەکی دەروونی بێکارێکە، عاشقێکی توڕەی بێ

ئاکامە، دەرچوویێکی زانکۆی دانەمەزراوە، فاشیلێکە، گەنجێکە ناتوانێت خواستەکانی دەستەمۆ بکات.... ، وەڕسبوون لای خوێنەرێکی پیر ڕاکردنە لەژیان و بیرکردنەوەیە لەمردن، بیرکردنەوەیە لەمنداڵەکانی، کە هێشتا کونجێکیان نییە تێیدا بژین، نانیان نییە.. وەڕسبوون لای ئافرەتێک (گەڕانە بەدوای مێردێکی لەوان خراپتر). لای برایێک و باوکێک بیرکردنەوەیە لەئافرەتێک کە:

**خوشکەکەم سێ جار تەڵاقدرا**

**جاری یەکەم لەسەر سیاسەت**

**جاری دووەم لەسەر نامەیەکی مۆبایل**

**جاری سێیەم لەسەر فرۆشتنی گوارەکەی خۆی**

**بێ ئەوەی پرس بەمێردەکەی بکات**

**ئێستا لەمێردێک دەگەڕێ**

**کەمێک لەوانەی پێشووی ناپیاوتر بێ.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٢٩)

وەرسبوون لای من زۆر شتە، هەموو ئەو شتانەی (بەیەکەوە کۆناکرێنەوە، ژیانێکی لەت لەتی دابەشکراوی پڕ لەمەینەت و تێڕوامان و بیرکردنەوە و نادادپەروەرییە)، واتای وەڕسبوون لای منی خوێنەر بەمجۆرە شی دەکرێتەوە، کە بریتییە لە(نیشتیمانێکی ماندووی خەو گرتوو، نیوەی تەمەنێکی ناکۆکی، خوشکێکی زەلیلکراو، شەڕ، دابەشبوونی کەسایەتی خودی کەسەکان لەشوێندا، مردن، کاتەکانی خەوتن و بۆرژان و خەیاڵ و پەرتبوونی کات... یادگاری دێشێ چونکە لەجەنگ نەکوژراوە و لەدەریا نەخنکاوە و برسیەتیش نەیکوشتووە.. گەلای مردووی لەمرۆڤ سەماکەرترە.. ژیان تێکچووە و بەمردنیش چاکنابێتەوە) واتای هەر دەقێک و وێنە و تێڕوانینێک واتایەکی قوڵتر لەواتا ئاساییەکەمان پێ دەبەخشن.

شاعیر دەڵێت:

**مێژوو چەند زەلیل**
**دەستی بە چەناگەیەوە لکاوە**
**ژیان تێکو پێکچووە**
**بە مردنیش چاکنابێتەوە.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٤٢ - ٤٣).

لەهەمان کاتدا واتای پێڵاو و نیشتیمان شتێکی دیکەمان پێ دەڵێن، تێفکرین و لێکدانەوەیەکی دیکەی دوور لەواتا و مەبەستە سروشتیەکەمان پێ دەڵێن:

**لەسەر ئەستێرەیەک**
**تاکێک پێڵاوم لێ جێما**
**ئێستا ناچارم**
**نیشتیمان وەک تاکێک پێڵاو لەپێبکەم**
**من نەمدەزانی نیشتیمان بۆ پێڵاو دەشێ**
**تا ئەو کاتەی**
**سەرداره نیشتیمانییەکان فێریانکردم.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ٣٨).

نیشتیمان یەکسان دەکرێت بەپێڵاوێکی جێماوی ون بوو. ئەمەش بەرهەمی سیاسییەکانە، کە نیشتیمان وا سووک و بێ بەها دەکەن، واتای پێڵاوێکی پێ ببەخشن. پێڵاو لەم دەقەدا جێگەی بیرهێنانەوە و یادگارییە، نووسەر بیری لێ دەکاتەوە و لێی جێماوە، بەڵام نیشتیمان لەواتای دووەمدا جێگەی بیرهێنانەوە و یادگاریش نییە، واتا لەڕووی واتاوە (پێڵاوێکی جێماو بەهاو نرخی پترە لەنیشتیمان). پێڵاو خاوەنی هەیە، نیشتیمان هیچ، پێڵاو نیوەی جێماوە و خاوەنەکەی دوور نییە بیری لێ بکاتەوە، نیشتیمان سیاسییەکان کوشتیان.

واتاکان لەدەفتەری شێوادا، واتای سادەن، بەئاسانی تێیان دەگەین، مەبەستەکان وەکو خۆیان بەهێواشی و بێ گرێ و گۆڵ دەخزێنەوە نێو یادگە و بیرکردنەوەمان، ئەمەش وێنە ئاشناکانمان بەشێوەیەکی جوان و سادەتر لەجەنجالییەکانی ژیان پێ ئاشنا دەکەن. سەرەتای هەموو شتەکان لای (حەمە عەباس) مردنە. بۆیە هەمیشە گفتوگۆ و بیرگۆڕینەوە و مشتومڕەکانی دەگەڵ مردن و مردووەکانە. ئەو لەتاریکیشدا وێنەی نیشتیمان و پاکبوونەوەی بەرۆشنی وێنا کردووە، لای گرنگ نییە (مریشکیش نەبێت، هێلکەش نەبێت، هەر بەردیش بێت لەسەریان کڕ دەکەوێت)، واتا گەڕان بەدوای ئارامی و بەدیهێنانی شتێک، دروستکردنەوەی ژیانێکی نوێ، مەبەستی شاعیرە، بەڵام لەکۆتایدا واتایەکی هەڵگەڕاوە دروست دەکات. لەسەر بەرد کڕبوون گەڕانە بەدوای شتێکی نەکردەی مەحال، بەڵام لەنێو ئەو هەموو بێ ئومێدییەدا ڕەتکردنەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:

**چوومە بەردەم**
**مردووەکانی ناودارترین گۆڕستانی شارەکەم**
**پێمگوتن بۆ**
**خۆتان چوونە بەهەشت و**
**ئێمەشتان جێهێشت لە جەهەننەم؟.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٥٢).

ئەو لەدەفتەری ژن و مەیدا وێنە و واتایەکی فەلسەفی، پێناسەیەکی قووڵی فکری بۆ ژن و مەی دەکات. لەژندا نیوەی ژیان و لەمەیدا چاوەڕوانی و بەرەو چاوەڕوانی پانتاییەکی فراوانی لەکات و شوێن پێدراوە. ئەمەش واتایەکی قووڵی دەروونی و بیرکردنەوە و چاەڕوانی دۆستێک و کۆچی ئادەمییەک پیشان دەدات.

لەدەفتەری وەڕسیدا شوێن واتایەکی یەکلاکەرەوەی پڕوا پڕ لەخووڕەوشت و تێڕوانین و کاردانەوە و بیرکردنەوە و پرسیار و گرژبوونەوە و هێوری و ئینجا توڕەبوونی لەخۆگرتووە.. واتای گەڕانەوە بۆ شوێن (بەهەشتەکەی دوێنێ) و کاتێکی (دوێنی و وەهێوەترە).. واتا ئەو بەدوای دوێنێدا دەگەڕێت، بەڕووت و قوتی بێ فانیلە و مایۆکەی دەگەڕێتەوە. ئەم وێنە شیعرییە، واتای پاکبوونەوە و داماڵێنی هەموو شتێکی خراپ و گوماناوی و پیس و بێزارکەر و جاڕس و بەرتەسک و ئابلوقەدەر پیشان دەدات، لەهەمان کاتدا پیشانی دەدات، کە خۆی نامۆیە بەخۆی. نامۆیە بەدوێنێ.. ئەو بەڕووتی هات و بەڕووتی دەگەڕێتەوە. واتای کات نغرۆبوون و نەفی کردنی ئەمڕۆیە، دەڵێت:

من لەباری سێیەمدام!

**لە (سبەینێ) دێم و**

**بەرەو (دوێنی)دەڕۆم و**

**تەنانەت یەک دەقیقەیش لە(ئەمڕۆ) نامێنمەوە.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٧٧).

ئەمە واتای وەڕسبوونێکی قووڵ، واتای ڕەتکردنەوەی ئێستا و ئەمڕۆ بەشێوەیەکی توند دەگەیەنێت، هەست بەکوشرانی دەمارەکانی مێشک و فشاری نێو یادگەی یادەوەرییەکان دەکرێت، واتای کات هەڵگەڕانەوە دەگەیەنێت. ئەو شت ناگێڕێتەوە، واتا سیما و هێمای گێڕانەوەی ڕەتکردۆتەوە، پشت بەواتا زیندووەکانی نێو بیرەوەرییە زیندووەکان دەبەستێت، لەنێو وێناکردنێکی ناسروشتی کار دەکات. ئەو دەڵێت (لەسبەینێوە دێم و بەرەو دوێنێ دەڕۆم)، ئەمە سروشتی نییە، تەنیا کردەی ڕەتکردنەوە و گومان و زانیاری پیشان دەدات.

کات لەم دەقەدا پێچەوانە دەخولێتەوە، شوێن پێچەوانەیە، واتا پێچەوانەیە، وێنەکانیش پێچەوانەن. ئەو ئەمڕۆ و ئێستا ڕەتدەکاتەوە و تێیدا نامێنێتەوە، من لەنێو ئێستا و ئەمڕۆدا شوێنیش دەبینم، واتا شوێن و کاتی مانەوە ڕەتدەکاتەوە! ئەمە ڕەتکردنەوەیەکی ئاشکرای واتا و بەهاکانی ژیانە، نەک خودی ژیان، واتای ڕەتکردنەوەی کردەوەکان و دیاردە و پێکهاتەکانی ئێستایە.

کەواتە نەشوێن واتا سادە و نەکات واتا هەقیقەکەی خۆی لای (حەمە عەباس) نامێنێت. دەبنە دوو هێما و دەربڕینی نوێ کە خۆیان لەکردەی ڕەتکردنەوە و بێ متمانەیی و ناڕازیبوون دەنوێنن، تەنیا لەبارەی شوێن دەڵێت:

**هەولێر کراسێک بوو پڕ بەبەرم**

**هەولێر کراسێکە پڕ بەبەرم**

**هەولێر کراسێک نەبێ پڕ بەبەرم**

**دایدەکەنم.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٨١)

شوێن و کات لەیەک دەق  دەربڕیندا تێکەڵی یەکتر بوون. (هەولێر) شوێنە، (بوو) کاتە، بەڵام لێکجیاناکرێنەوەو (پڕ) واتای بەتاڵبوون دەگەیەنێت، بە(بەرم)، (دۆخێکی دەروونی و هەستییە)، هەروەها (دادیدەکەنم) لەیەک کاتدا واتای (فەرمان و بڕیار و هەواڵ و زانیاری و  هەڵوێست و کردەی ڕەتکردنەوە و ناڕازیی بوون) دەگەیەنێت.  ئینجا واتای کات لەیەک دەقدا لە سێ کاتی جودا پیشان دەدات (پڕ بوو بەبەرم/ ڕابردوو و دوێنێ)، (پڕ بەبەرم/ ئێستایە)، ( نەبێ پڕ بەبەرم/ سبەینێ و ئایندەیە). واتای نەبێ پڕ بەبەرم واتای (جەختکردنەوە و دڵنیایی و متمانە و ساخکردنەوە و ڕاشکاوانە بەدڵبوون.. تاد ) دەگرێتەوە، بارێکی دەروونی و عەقڵی و

هوشیارانەیە، ئەو لەڕووی واتاوە بەهوشیارییەوە هەولێری بەدڵ بووە و بەدڵە، بەڵام ئەگەر هەولێر بگۆڕێت، ئیدی ئەویش ئەو بەدڵ بوونەی نامێنێت.

هەولێر شوێنە، واتە دەقنووس وەکو کراسێک شوێنی لەبەر کردووە، ئەمە واتایەکی خوازراوە، هێمایەکە بۆ ئینتما و خۆشەویستی و ئارامی و حەوانەوەیەکی ڕەزامەندانە لەشوێنێک.. بەڵام هیچ مەرج نییە واتاکە ئەوە بگەیەنێت، هیچ مەرج نییە مرۆڤ بەهەمان شوێن ڕازی بێت و تێیدا بژیت.

ئەو دەڵێت:

**ئێستا دەمەوێت شتێک بڵێم**

**کە نازانم چییە.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٨٢).

گرنگ هەموو ئەو واتایانەی لەنێو دەقی مردن و شێواوی و ژن و مەی و وەڕسبوون و ئەوانی دیکەشدا بەرجەستە دەبن، هیچ مەرج نییە واتای فەرهەنگی بن، بەڵکو واتای واتادار و فرە ڕەهەند و لێکدانەوەیان لەخۆگرتووە. (حەمە عەباس) خۆی کارەکتەری وێنە شیعرییەکانە، گوتاری ڕاستەوخۆی هەیە، وێنەکان وێنەی ژیانی خۆیەتی، دەربڕینەکانی زادەی بیرکردنەوەی خۆیەتی، هەناسە شیعرییەکان هەناسەی هەورازە هەنگاوەکانی ژیانە، شوێن ئێرەیە لەدەرەوەی ئێرەدا، کاتەکانی ئێستان لەدەرەوەی ئێستادا، مردن سەرەتای ژیانێکی نوێیە، ئەو لەسبەینێوە دێت، بەرەو دوێنێ هەنگاو دەنێت.. واتای ئەم هەڵگەڕانەوەیە، واتای ڕەتکردنەوەی ژیان و پێکهاتە و کۆمەڵگە تەژی لەکێشە و گرفت و ڕاچڵەکاندن و نائارامییەکەیە.

واتا لای شاعیر هەمیشە واتایەکی بێ کۆتایی و بێ بن و بێ وەستانە. هەمووومان تێی دەگەین و دەرفەتیشمان دەداتێ تێی نەگەین، هەموو دەزانین مەبەستی چییە، دەرفەتیشمان پێ دەدات، مەبەستە واتادار و ڕەهەند و مەبەستە نوێیەکان و خواستە جیاوازەکان لەمەبەستە سەرەکییە ئاشکراکان جیابکەینەوە.

دەزانم (حەمە عەباس) لەواتای ناو دەقەکاندا هێندەی خوێنەرەکانی ئازاد و هێندەی خوێنەرەکانی بەقووڵی بیری لەئەنجامەکان نەکردۆتەوە، چونکە ئەو ناخی خۆی ئازاد کردووە، ئەو کراسی کۆیلەبوونی ناخی خۆی لەبەر کردۆتەوە، بۆیە هێندە ئازاد دەبێت، پێ دەچێت لەنێو تاریکی شەودا شیعری بە ڕۆشنبوونەوە نووسیبێت، لەنێو مەیدا مەلەی بەوشە و کردەی گوتن ودەربڕینەکان کردووە، توانا و دەسەڵات و هێز بەخوێنەرەکانی دەدات، تاکو دەسەڵات و هێزی ئەوەیان هەبێت واتای دەقەکان بەئارەزووی تێگەیشتنی خۆیان شی بکەنەوە. (حەمە عەباس) فەیلەسوف نییە، شاعیریش نییە، زمانەوانیش نییە، ئەو وێنەی ناخی خۆی، وێنا کردۆتەوە، ئەو واتای بەتێڕوانین و بیرکردنەوەی ناخی خۆی و شێوە و دەقێکی نوێدا بەخشیوە.

دەقنووس لەناشوێندا دەژیت، واتا شوێن ڕەت دەکاتەوە، پێی، لەسەر زەمیندا نەماوە، خاکی نەماوە، بەڵام هێشتا بەهۆی گیرۆدەبوون بەژیانەوە، لەنێو کاتێکدا ماوە. ئەمە چ واتایەکی ئازار بەخشە، مرۆڤ لەنێو نەبوونی شوێن و لەنێو کاتێکی نادیاردا، لەتاریکیدا لەناکۆکی دەروونی و لەئازاری خەستی مەینەتییەکانی کاتدا لەململانێ بێت، ململانێیەکی بێ کۆتایی و هەڵگەڕاوە و ئاکامشکێن.

دەڵێت:

**لەدەرەوەی ژیانەوە تێیدەڕوانم**
**پڕە لەمردن**
**لەدەرەوەی مردنەوە تێیدەڕوانم**
**چۆرێک ژیان**
**چ دەستێکیان لێوەشاندووین، ئەم دوو دژە**
**کە هیچ لەوە ناچی دوو دژ بن**
**یان نەبن.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ٨٨).

واتای ئەو ناکۆکییانە هەمووی پەیوەندی بەتۆران لەنیشتیمان هەیە، واتە هەرچی ئەو وێنە و واتای شیعری لەنێو دەقی (وەڕسی)دا بەرجەستە کراوە، واتای دابڕان و بێزاربوون و تۆران لەنیشتیمان و ئازارەکانی دەگرێتەوە.

واتای (ژیان لەدەرەوەی ژیان و مردن لەدەرەوەی مردن) وابەستەیە بەواتای ئەو ناکۆکییەی لەگەڵ نیشتیماندا دروست بووە.

لەدەقی (سۆز)دا (حەمە عەباس) بەدوای واتای عیشقدا دەگەڕێت، کە دەڵێت:

**عەشق هیچ ئاینێکی نیە**
**بەڵام**
**چەندین زمان و**
**چەندین نیشانەو**
**چەندین برین و**
**تەنها یەک خوای هەیە.** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ١١١).

له (وەڕسی)دا واتای نیشتیمان و له (سۆزدا) واتای نەمانی سنوورەکانی جیاوازیی وێنا دەکات.. لەنیشتیماندا واتا قورسەکانی نایەکسانی و جیاوازی و نەمانی کات و شوێن وێنا دەکات، لەسۆزدا واتای یەکسانی و یەک زمانی و نیشان و هەتا یەک برینیش وێنا دەکات. کەواته سۆز دەمانگێڕێتەوە، نەک عەقڵ، عەشق دەمانگێڕتەوە بەگەیشتن بەواتای ژیانێکی ئارام نەک ئینتما بۆ ناکۆکییەکانی وڵات و گومانە بەردەوامەکانی لەکراسەکەی هەولێر و بیرکردنەوەی ئەبەدی لەمردن و ڕەتکردنەوەی ژیانێکی پڕ لەگومان. لەدەفتەری سۆزیشدا دیسان (حەمه عەباس) لەتەک خوێندنەوەی واتاکانی بەر باران و لەزەتی بارانی سەر بەکڵاوە، دەیەوێت واتایەک دروست بکات، شاعیر پەیامبەرە، دەتوانێت ئایەتەکانی باران شی بکاتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا دیسان وەئاگا دێت و "عەشق و نان، خوێن " بەیەک دەبەستێتەوە. له واقیعکی خەیاڵی بەرەو واقیعێکی واقیعی دەگەڕێتەوە. کردەی پەیوەندیکردن ڕەنگە کردەیەکی دەروونی، یان پەیوەندی ئینتما لەنێوان هاووڵاتی و نیشتیمان بێت، یان پەیوەندیکردنێکی هزری لەڕێگەی وێناکردنەوە بێت.

واتای خوێن قوربانی بوونی عەشقە، تەنیا برسییەکانیش واتای هەقیقی عەشق دەزانن. ئەو دەیەوێت واتای عەشق ببەستێتەوە بەعەشقی برسییەکان بۆ لەتە نانێک، کە هێشتا وەکو عاشقێکی سەرشێت پێی نەگەیشتوون.

لێرەدا هەموو واتای سۆز لەپەیوەندی سۆزی نێوان دوو کەس، دەگۆڕێت، بۆ عەشق و خواستی برسیەک، کە تا دەمرێت بەتاسەی نانێکەوەیە. لەعەشقێک بۆ لایەنێکی مرۆیی قوڵتر و فرانتر چووە. واتای سۆزی لەم دەقەکەدا بەکراوەیی بۆ خوێنەر جێهێشتووە.

لەدەقی (تۆ)دا، گیرسانەوەیەکی نویَ لەسایەی (تۆ)دا بەدی دەکریێت، واتە ئەو دەیەویێت لەسایەی ئەودا ئارامگەیەکی دەروونی و ڕۆحی بۆ خۆی پەیدا بکات، من/ شاعر دەبیێتە بەشیێک لە تۆ/ خۆشەویست، گویێگر/ ئارام بەخش/ متمانە و بوژانەوە بەرەو ژیان.. واتە واتای (تۆ) لەکەسیێک فراوانتر و فرە ڕەهەندترە. مەرج نییە تۆ هەر تەنیا کەسیێک بگریێتەوە، بەڵکو هیێمایە بۆ زۆر شتی وەکو: سەرەتا و کۆتایی، ڕوناکی و تاریکی، سەفەر، باران، بیێدەنگی، ماچ، ڕەنگی پایز، بەبیر نەهاتنەوە، شیعر دەبیێتە کتیێبی پیرۆز، لانک و گۆڕ، چەند ساڵ فڕین، نەناسینەوەی هاوڕیێکانی، لەهەمووان جوانتر، شەرمن، کاڵکردنەوەی تەنیایی، بۆ ئەوە هیچ نەبووە تەنیا ئەوە نەبیێت ببیێتە شیعر، بەهەشت بۆ تۆ، جەهەنەم بۆ من، بەناوی تۆ دەژیم، شەڕەکان بۆ زیندە خەونی بەرەبەیان، مردن، ژیان نایکاتەوە کوڕی خۆی، قاپی کراوەی تۆ بۆنی هەناسەی مردن دەبڕیێت، پیاویێکی هەزار باڵم، خەونی ڕەش و سپی تۆ کردتە ڕەنگاو ڕەنگ، دووی ڕیێگا لەگەڵ تۆ نیعمەتە، دەرگا بکەوە، حەوشەتان بۆنی شیعری منی لیَ دیێت، گەڕانەوە بەرەو ڕووی ژیان، مردن نامبینیێتەوە لەپیێناوی تۆ خۆم حەشار داوە، من دوو کەسم خۆم و خۆت، ڕەنگی ڕەش دەمکوژیێت، بۆ هاتنەوەت گلۆپەکان دەکوژیێنمەوە، تۆ لەتاریکی دەدرەوشیێیتەوە، بدرەوشیێوە....... ئەمانە بەشیێکن لە گوتن و دەربڕین و ویێناکردنەکان لای شاعیر لەدەفتەری تۆدا).

لەم دەفتەرەی تۆدا تاریکی / واتای نەزانین و کویێرەوەری ناگەیەنیێت، شویێنیێکە تۆی تیێدا دەدرەوشیێتەوە، شاعیر لەتاریکدا گەشبینی و بەیەکگەیشتن و ئارامی بەدەست دەهیێنیێت. لەهەمان کاتدا

لەتاریکدا دەتوانێت باشتر پرچی ڕەش هەست پێ بکات، چونکە ڕووناکی ئەو لەزەت و ئارامییە دەکوژێت.

کۆتایی بە(من) دەهێنێت، لەمردنەوە بۆ من واتە بوون، بەڵام چ بوونێک، کە سەرتاپای سەرقاڵبوونە بەچ؟ بەژیان و مردنەوە، بەناکۆکی و ململانێی نێو ژیانەوە. هەچەندە بەسادەیی وێنەی ژیانێکی تەژی لەکێشە دەکات، بەڵام پێچەوامە سادەیی لەدەربڕین واتا و مەبەستەکان چڕتر و قووڵتر دەردەکەون. (لەبیری ناکات تەنیایی، ناوێک بۆ ڕۆژەکان، خەون پڕکات لەڕەنگەکەکان، هەزار و یەک پرسیار، مۆمی هەزار و یەک مردن داگیرسێنێ، بەڵام لەبیر دەکات چرکەیەک بەدوای خۆیدا بگەڕێت.....ماڵەکەی پڕە لەمن، دەرچوون لەوێنەکەی دۆزەخ و چوون بەرەو وێنەکەی بەهەشت، منداڵ بوونەوە، خۆ نەناسینەوە، دڵی بەخەونی مردوو و شوشەی بەتاڵیش خۆشە...... لەخۆی زیادە و دەرژێتە نێو خۆی... حەزی لەمردنی بەڕووتییە.. مرۆڤێکی ئەندازەییە، ناتوانم لەگەڵ ئەو ژیانە بگونجێم.. واز لەڕستە دەهێنێت و دەست بەوشەوە دەگرێ، چیرۆکی لێ دەبێتە شیعر، ژیانێکی تاڵ و خەونی شیرین شیرین لێی ناگەڕێن، دڵی بەسەر هەموو کەسێکدا دەبارێت.....)

واتای هەر یەکێک لەم دەربڕین و وێنە و هەست و نەستە شاعیریانەی (حەمە عەباس) دونیایەکی پڕ لەناکۆکیمان پێ ئاشنا دەکات... (حەمە عەباس) لەکتێب دەچێت، چونکە لەنێو کتێبدا بیر دەکاتەوە، لەدەفتەرێکی ئاڵۆز دەچێت، چونکە باخەڵی پرواپڕن لەهەست و نەستی دەروونی و تێڕوانینی هەمەڕەنگ بۆ ژیان و ڕەتکردنەوە و ماندووبوون و نایەکسانی و نادادپەروەریی و مردن.

دەڵێت:

**تەنها سەرەداوێکم دەوێ**

**بۆ دۆزینەوەی خۆم**

**هەزار ڕێگا**

**هەزار پرسیار**

**هەزار رامان.. نامگەیەنن**. (حەمە عەباس،٢٠١٨،ل ١٨٢).

هەموو دەفتەرەکان بەم وشانە گارە دەدات:

**سەرقاڵم بە سەرقاڵی**

**سەرقاڵم بە دەستبەتاڵی**

**سەرقاڵم**

**سەرقاڵ..** (حەمە عەباس،٢٠١٨، ل ١٩٩).

لەدواین وشەکانی نێو دەفتەرەکانیدا، وێنەیەکی ماندوو، وێنەی منێکی سەرقاڵ، بەهەناسەیەکی قورس، کەوتنە ژێر باری بیرکردنەوەیەکی پڕ لەگرفت دەبینرێت، کە لەڕێگەی ڕاپەڕاندنی کردەی بەدیهێنانی کردەیەکی مەبەستدار دەیەوێت چەند مەبەستێکمان پێ بڵێت:

هەواڵی دۆخی دەروونی خۆی / هەواڵ. ئاگادارمان دەکاتەوە، کە هێشتا ماوە و سەرقالە بەسەرقاڵی/ ئاگادارکردنەوەیە . زانیاریمان پێ دەبەخشێت، کە بەردەوامە لەسەرقاڵبوون/ زانیاری. جەختکردنەوە لەسەر دۆخی ژیان و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی. واتای دەوروبەرێکی پڕ لەسەرقاڵبوون و بەردەوامی پیشان دەدات. ئەم دێڕانە ژمارەیەک کردەی ناڕاستەوخۆشمان پیشان دەدەن.. کە (من/ شاعیر) کارەکتەری نێو دەقەکەیە (دەژیت و بەردەوامە لەژیان/ بێزارە/ بیردەکاتەوە و کاردەکات ئەویش سەرقاڵییە.. ئەگەر هەموو

شتێک بەتاڵ بێت، بەڵام ئەو دڵی پڕە، بەمانای دڵتەنگی نا، بەڵکو بەو واتایەی شتی هەیە و دڵی زۆر واتا و مەبەستی تێدایە..) هەندێک سەرقاڵبوون ئارامی بە من دەبەخشێت و هەندێکجاریش کارێکی ڕۆتینییە و هێز پڕوکێنە.

دەڵێت:

**دڵم نایێ بە با بڵێم**

**بە ڕوخسەت تۆزێ بوەستە**

**لەبەر عەشق**

**تەنها لەبەر عەشق**

**دڵم نایە بمرم.** (حەمە عەباس،٢٠١٨،ل١٣٠).

واتای (تۆ) بەستراوەتەوە بەمردن، بەعەشق، بەبا. هەر یەکەشیان واتا و مەبەست و ئەرک و هێمایە بۆ شتێکی جیاواز لەخودی خۆیان و واتا سروشتییەکەیان. (مردن/ واتا ژیان) و (با/ هێزێکە دەتوانرێت داوای ڕوخسەتی لێ بکرێت/ واتا توندوتیژێکی لاملی دیکتاتۆری تاکڕەوانە نییە) و (عەشقیش/ سەرچاوەی ئارامی و بیرکردنەوە و مانەوەیە).

## گریمانە و پێشگریمانەکانی نێو دەق:

لەهەر دەقێکدا نێرەر گریمانەی هەندێک شت دەکات و هەروەها گوێگریش پێشگریمانەی هەندێک شت دەکات. مەرج نییە ئەو شتانەی گریمانە دەکرێت شتی دروست و مەعقول بن، ڕەنگە نێرەر گریمانەی ئەوە بکات، دەبێتە سوپەرمان، بەڵام گریمانەکەی ڕەنگە گریمانەیەکی

پووچ بێت، یان خوێنەر پێشگریمانەی ئەوە دەکات، نێرەر لەکۆتایی بابەتەکەیدا خۆی دەکوژێت، کەچی وا دەرناچێت، ئەو لەسایەی (تۆ/ ئەو) دا دەست بەشێوازێکی دیکەی بیکردنەوە دەکات، دەبێتە گوڵ بۆ جوانکردنی حەوشە و ئینجانەکانی نێو ماڵەکەی.

دەڵێت: چوومە بەردەم... مردووەکانی ناودارترین گۆڕستانی شارەکەم... پێمگوتن بۆ .... خۆتان چوونە بەهەشت و ... ئێمەشتان جێهیشت لە جەهەننەم؟ (حەمە عەباس، ٢٠١٨، ل ٥٢).

گریمانە:

گریمانەی ئەوە دەکرێت شاعیر هەیە، ئێمەش هەین، بەهەشت هەیە و جەهەنەمیش هەیە، کەسەکان بێ گوناهن لەبەهەشتن، جەهەننەم لەژیانە، ئێمە گوناهمان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت جێیان هێشتووین. نازانرێت بۆ جێیان هێشتووین، کەسە مردووەکان کەسانی دڵڕەشن، خۆپەرستن، یان بەپێچەوانە ئێمە گوناهبارین.

پێشگریمانەی ئەوە دەکەین:

(حەمە عەباس) پرسیارەکەی بەگومانەوە کردبێت، پرسیارێکی فەلسەفییە، وێنە شیعرییەکە خەیاڵییە. بڕوای بەوە نییە بەهەشت و جەهەنەم هەبێت. ئەوانەی لەبەهەشتن گوناهبارن، بەلای کەمەوە لەبەر ئەوەی ئێمەشیان بەجێهیشتووە، پرسیاریان لێ نەکردووە. ژیان جەهەنەمە و پڕاوپڕە لەگوناه.

لەم شیکردنەوەیەدا دەردەکەوێت بەمەبەست بووبێت، یان نا ژمارەیەک دەستەواژە و دەربڕین و مەبەستی بەکارهێناوە، خوێنەر دەتوانێت فرە واتایی و فرە مەبەستیی و فرە لێکدانەوەیان پێ ببەخشێت.

**ئەنجام:**

- (حەمە عەباس) مرۆڤێکی هەستیاری ڕەتێندراوی دەستی ژینە.. بوونی لەمردن دەچێت، بەڵام لەبوونیدا سەرقاڵە. ئەو بەپێچەوانە دەستی بەژیان کردووە. لەسبیەنێوە، لەدوێنێ دەڕوانێت. پێش کات کەوتووە، لەمردنەوە بەرەو عەشق و دڵنەوایی و سەرقاڵبوون دەچێت، خۆی لە (تۆ)دا کەسی دووەمی بەرانبەری دەدۆزێتەوە.. لەدابڕانەوە بەرەو هاوتابوون بەکەسێکی دیکە دەچێت.

- شاعیر تاریکی و ڕەش بەواتای هەڵگێڕانەوەی دۆخی دەروونی ئەم دوو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و خودییەی ڕەش و تاریکی بەکارهێناوە، واتای نوێیان پێ دەبەخشێت، چونکە ئەو درەوشانەوەی (تۆ) لەنێو تاریکدا دەبینێت. ئەمەش بەواتای لەنێوبردنی ڕەشبینی دێت، هەرچەندە لەکەشێکی تۆقێنەری ڕەشبینی و گفتوگۆ لەگەڵ مردن دەیەوێت واتاکان هەڵگێڕێتەوە.

- دەقنووس هێما و دەستەواژەی گێڕانەوەی کەمی بەکارهێناوە. وێنەکانی وێنەی دوان و گفتوگۆیەکی نێوەخۆیی و گوتارێکی ئاراستەکراوە بۆ تۆ، گوێگر و خوێنەر.

- واتا لای ئەم نووسەرە ئەو واتایە سروشتیانە نییە، کە وشەکان لەخۆی گرتوون، واتای نوێی بەواتاکان بەخشیوە.

**وتای هەڵگەڕاوە و دژ**

**لە باشی بۆ خراپ**

ئاشتبوونەوە ...... لەگەڵ مردن

لەتاریکی ... تۆ دەدرەوشێتەوە

من لەڕوناکی .... تاریک تاریک تاریکم
شەو .... زێدە
تاریکی ... ڕاهاتن
مردنێک قەرزارم... دوو مردن لەپێشە
لەمێژە بەژیان سەقاڵم... هەندێکیش بیر لەمردن بکەمەوە
لەسبێینەوە دێم.. بەرەو دوێنێ دەچم
ڕۆشناییەک ..... ڕاوم دەنێت

**واتا لەخراپەوە بۆ باش**

تاریکی..... ڕوناکی دەبەخشێت
دڵتەنگی و ژاواژاو و ڕاکردن ..... خۆشی دەبەخشێت
بێدەنگی...... مرچەی ماچ بگاتە کەشکەلان
مردن .... خۆشترە لەژیان
دووری ڕێگا... نیعمەتە لەگەڵ تۆ
ناوت دەنێم گوڵ... کە دەتبینم دەبیتەوە خونچە
خەونی ڕەش و سپی .... تۆ دەیکەیتەوە ڕەنگاو ڕەنگ
هەتا تاریکی تاریکتر بێت.... تۆ پتر دەدرەوشێیتەوە
دەبمە گوڵ... بۆ ئەوەی ماڵەکەم لەدڵڕەقی ژیان بپارێزم

- (حەمە عەباس) لەکەشی کتێب و شیعر و وشەدا دەژیت، واتا ژیان لای ئەو پەیوەستە بەم دۆخێکەوە، پەیوەستە بەعەشق و سەختە ڕێی ژیانەوە. واتای وایە ئەو بەدوای ڕستە و درێژدادڕیدا ناگەڕێت، وشەی گرتووە، کورت و پوخت دەدوێت، وێنای زهنی وێنە

هەمەڕەنگەکانی خۆی و دەوروبەری خۆی پێ دەکات. بۆیەشە وشە هێز و دەسەڵاتێکی فراوان بە خوێنەر و وەرگر دەدات، واتای جیاجیا بەدەربڕین و پەیڤ و جوانیەکانی ئەو وشانە دەدات، کە شاعیر مەبەستیەتی، یان لەبنەڕەتدا مەبەستی نییە و ڕقی لێیان دەبێتەوە و لێیان بێزارە.

- لەهەر وشەیەکدا، دەکرێت خوێنەر خۆی بەخاوەنی دۆخ و باری دەروونی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەڵکشان و داکشانەکان بزانێت، ئەمەش دەق و واتاکەی لەدابڕان و مردنەوە بەرەو زیندوویەتی دەبات. دەسەڵات بەخوێنەر دەدات فرە واتایی و فرە تێڕوانین و فرە ڕەنگی پتر بەواتا مەبەستدارەکانی خودی شاعیر بدەن

- لەنێو دەقەکاندا دەتوانین زۆر لەڕەگەز و گریمانە و پێشگیرمانەی دیکەی زمان بدۆزینەوە، کە فکر و خەیاڵیمان فراوانتر دەکەن. واتا و بەهای وشە و بەکارهێنانی هێز و وشە و وێنە شیعرییەکان کاریگەرتر دەردەخەن.

- کردەی ڕاپەڕاندنی مەبەست و بەدیهێنانی وێنە خەیاڵییەکانی نێو دەقەکە، دەکرێت وێنە و بەدیهێنانی هەقیقی بن. شاعیر ئازادانە، ناخی خۆی ئازاد کردووە لەچۆنیەتی دەربڕین و دەستەواژە و وێناکردنی شتەکان و تێفکرینی خودی خۆیدا... دەقەکانیش ئازادیان بەخوێنەر داوە، لەشیکردنەوەدا ئازاد بن.

**سەرچاوەکان:**

اوغدن و رتشاردز، معنى معنى دراسة لنص اللغة فى الفكر والعلم الرمزية، ترجمة د. كيان احمد حازم يحيى، دار الكتاب الجديد المتحدة، طبعة الاولى ، ليبيا، ٢٠١٥.

د. تاليب حوسين، واتاسازی وشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

حەمە عەباس، دەفتەرەکانی باخەڵم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ، ٢٠١٨.

احمد مداس، تحليل الخطاب الشعرى فى منظور اللسانيات النصية، جامعة محمد خضير، جزائر ،٢٠٠٤.

ڤان دايک، نظرية الادب فى القرن العشرين، ترجمة محمد العمرى، افريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٩٧.

جوان لاينز، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة د. عباس صادق الوهاب، دار الشوءون الثقافية العامة، بغداد. ١٩٨٧.

# بەشی سێیەم

# شیکارێکی پراگماتیکی بۆ شیعری "بێگۆڕ"

**سەرەتا**

ڕاستە لەشیعری مۆدێرن و نوێخوازی کوردیدا، ڕستەکان هەموو بەیەکەوە بەستراون و وێنە شیعرییەکان ڕۆلی سەرەکی لەگەیاندنی پەیامی شیعریی دەگێڕن، وشە لەنێو گەمەیەکی بەردەوام دایە. لێرەدا هەوڵدەدەین شیعری " بێگۆڕ"ی شاعیر (حەمە عەباس) شی بکەینەوە، کە لە کۆشیعرێکی بەناوی "سێبەری خۆم لێ حەرام مەکە" بڵاوکراوەتەوە.

دیارە ئەگەر بمانەوێت لەڕوانگەیەکی پراگماتیکی ئەم شیعرە شیکار بکەین، دەبێت لەهەر چوار ئاستدا (کردە قسەییەکان، بەرگیرمانە، لێکەوتەی لێکەوتەکان و نیشانەکان) دێڕە شیعرەکان لەژێر نەشتەرگەری زماندا چارەسەر بکەین، یان هۆکار و شێواز و دەرەنجامەکانی ئەو پێکهاتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەوانبێژی و گوتاری دەقەکە بەخاوەن بکەینەوە، ئەو کاتە دەتوانرێت بگوترێت واتایەکانی دەقەکە هاوڕێک دەبن لەگەڵ ئەرک و مەبەست و شێواز و خواستی (شاعیر و خوێنەر).

**کردە قسەییەکان:**

با لەوە دەست پێ بکەین، کە هەندێک زمانەوان پێیان وایە ڕستە دەبێت دوو ڕۆنانی هەبێت، یەکێکیان فرمان و ئەوی تریشیان پرسیار، هەندێکی دیکەش وای بۆ دەچن، کە تیۆری زمان پێویستی بە (بنەمای ئاخاوتن)ە. ( قەیس کاکل، وانەی ماستەر ٢٠١٥)، هەروەها کردە قسەییەکان پەیوەستە بە دوو بنەمای گرینگ (هەموو گوتنێک بۆ ئەنجامدانی مەبەستی قسەکەرە) و وەسفی بارودۆخ ، ئەرکێکی دیکەی گوتنە (د. محەمەد مەعروف،٢٠١١، ٢٠٧).

کەواتە، کە شاعیر دەڵێت:

***شەو گۆڕێکی بۆ کچێنی خۆی هەڵکەندو***

***بەدیار سەرابە سەرابییەکانەوە***

***لە قاقای پێکەنینی دا***

لێرەدا باس و وەسفی هەلومەرجی (شەو) دەکات، کە لەڕاستیدا پەیامەکە خودی (شەو) نییە، بەڵکو پەیوەستە بە فکری تاریک بینیەوە. وەسفی ناکۆکی و ململانێیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، خەمبار و ترسناک و دڕندانە دەکات، کە پەیوەستە بە چارەنووس و ئازارەکانی ئافرەت. (کچێنی) قوربانی دەستی تاریک بینییە، کە لێرەدا بە (شەو) چوێندراوە، یاخود کارەکتەری سەرەکی وێنە شیعرییەکە بۆتە شەو، بکەرەکە شەوە. کەواتە شەو نیشانەی تاریکییە ڕاستەوخۆیەکە نییە، کە فیزیکی و سروشتییە، بەڵکە شەو هێمایە بۆ هێزێک، کە ئافرەتی کرۆدتە قوربانی. لەهەمان کاتدا شەو کاری (گۆڕهەڵکەندن) ئەنجام دەدات.

ئینجا وای لێهاتووە، دەیەوێت ڕای بگەینێت، ئیدی پێویست ناکات، هێندە جدیی بن، ژیان و چارەنووسی (کچێنی) سەرابێکە و ناگیرێت، بۆیە ئەمجارە بەگاڵتەپێکردنەوە (لە قاقای پێکەنینی دا). لێرەدا پێکەنین

بەواتای دڵتەنگی کارەکتەرە قوربان بووەکە دێت. واتاکەی هەڵگەڕاوەیە، خودی واتا و مەبەستی ئەو وشەیە ناگەیەنێت، بەڵکو هاوبێژە، پێچەوانەیە، قوربانییەکەی دەستی (شەو)، دڵتەنگە، پەستە، ئازاری هەیە، پێویستە لەبیری نەکەین تاوانکار و قوربانی هەر یەکێکن، لێرەدا (شەو) ئەو ڕۆلە دەگێڕێت. ئەم (قاقایە) وەکو لایەنێکی دەروونیش نیشاندراوە، گاڵتەجاریی بەتاوانەکەی شەو نیشان دەدات.

***تاریکی هەتیوو مایەوە و بوو بە هەڵم***
***پاشەو پاش راکەراکی مێژوو دوایی نایێ***
***چاوەڕوانیمان بە دیار  خەونە دارینەکانەوە***
***شەوچەرەی شەوارەیەکی ئەزەلی و***
***دەفتەرێکی نەنووسراوی چارەنووسە***

زماناسە کلاسیکییەکان، پێیان وابوو زمان تەنیا ئەرکێکی هەیە، ئەویش پێناساندنی دۆخە تایبەتییەکەیە، بەڵام ئێستا مەبەستێکی قوڵتر لەدوای وەسفەکە هەیە، ئەویش مەبەستی قسەکەرە. (د. محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ٢٠٨) کەسی سێیەمی تاک، کە خودی شاعیرە باسی دۆخێک دەکات، ئەو دۆخەش بریتییە لە تاریکیی، بەڵام تاریکیی دەبەزێت و تەنیا دەمێنێتەوە و لەئەنجامدا، تاریکی هیچ بەرجەستەیەکی مادیی نییە، دەبێتە هەڵم.. ئیدی لەشوێنێکی دیکە لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (ئێمە)، ئێمە دەبێتەوە کارەکتەری نێو بابەت و باس و دۆخەکە، (حەمە عەباس) دەڵێت:

***خەونێکیان هەیە، کە ئیدی دارینییە..***

لێرەدا (خەونی دارینە) وەسفە بۆ واتا و دۆخێکی هەڵگەڕاوە لەوەی لەنێو دێڕەکەدا دەبینرێت. (دەفتەری نەنووسراو)، ئەو دەفتەرە ئاساییە نییە، کە ڕاستەوخۆ دەبینرێت، شوێنەکە بۆ نیشاندان و هەڵگرتن و پێداچوونەوەی بیرەوەرییەکانە، پێداچوونەوەی کات و سەردەمەکان، پێداچوونەوەی ڕووداوەکان دەگەیەنێت. لێرەدا کردە قسەیی ناڕاستەوخۆ دەبینرێت. (دەفتەری سپی)، بەواتا و مەبەستی کردە قسەی نائاشکرا و ناڕاستەوخۆ دێت. ئەمەش یەکسانە بە (کچێنی)، کە کردە قسەی ئاشکرایە و ڕاستەوخۆ و بێ پەناو بەلاڕێدابردنی مەبەست و دوورخستنەوەی شتەکان پەیامەکەی دەربڕیوە، هەروەها (شەو) کردە قسەی ناڕاستەوخۆیە، یەکسانە بە(تاریکی)، کە کردە قسەی ئاشکرای ڕاستەوخۆیە.

***ئەستۆی کێ***

***راستکردنەوەی هەڵەی دروستبوون هەڵدەگرێ***

لێرەدا کردە قسەی ناڕاستەوخۆ بەرجەستە دەبێت، گاڤێک دەپرسێت ئەستۆی کێ؟ واتە قسەکەر لە گوێگرەکەی دەپرسێت، بۆ ئەو هەموو بوون و نەبوونە کێ بەرپرسیارە. ئەمە مەسەلەیەکی قوڵی فکری و فەلسەفییە.

لایەنێکی دیکە ئەرکی ڕستە و ڕاپەڕاندنی کردە قسە هەواڵە، یەکێک لەڕەگەزەکانی کردە قسەیی لەبواری پراگماتیکدا بەشێوەیەکی سەرەکی هەواڵە، یان ڕاگەیاندنی هەواڵێکە، کە پشت بەگەیاندنی زانیاری دەبەستێت، لێرەدا شاعیر دەڵێت:

***کاتژمێر هزرم لە قتووێکی داخراو دەئاخنێ***


***تەنێ چاوەکانم دەبا***

***لەپشت ساوایی بوونەوە دەوەستم***
***هەموو رێگاکان دێنەوە ئێرە***

***دەچمە بیابانی فرمێسک و***
***دەچمە بۆشاییەکانەوە و***
***قەوارەیەک بە قەد خۆمان داگیردەکەین***
***سەفەر دەمامکێکە دەیبەستم.***

واتای پراگماتیکی لەسەر چوار بنەما بەندە، کە بریتین لە (قسەکەر speaker ، گوێگر hearer ، بابەت، topic دەوروبەرcotext ).
(عەبدولواحد موشیر دزەیی،٢٠١١، ٢٧).

لەم چەند دێرەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەواڵ وەکو ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی ئاخاوتن و گەیاندنی مەبەست و بەدیهێنانی کردە قسە بەرجەستە.



لە شیعری "بێگۆڕ"دا

قسەکەر (من) کەسی یەکەمی تاک (شاعیر)ە.

(ئێمە) کەسی یەکەمی کۆیە، وەکو لەم گوتنەدا بەدیار دەکەوێت (چاوەڕوانیمان).

خۆمان (ئێمە) کەسی یەکەمی کۆ.

(ئەو) کەسی سێیەمی تاک. (شەو)، (تاریکی).

(من) کەسی یەکەمی تاک لە (دێنەوە لام)، واتە (ئەوان دێنەوە لای من).

**گوێگریش**

ئێمەین، هیچ گوێگرێکی ڕاستەوخۆ دیار نییە، تاکو ئەم بارە پراگماتیکییە دروست بکات، کە گوێرێکی ئاسایی هەبێت. گوێگر ئەو کەسانەن کە دەقنووس لەخەیاڵی شیعریدا دروستی کردووە، یان خوێنەرەکانی دەقە شیعریەکەن، یان تویژەر و ئەوانەن کە شیکردنەوە بۆ دەقەکە دەکەن.

بابەت "کچینی" و باسی بوون و نەبوونە، قسەکەر، کە شاعیرە شتێکی دروست کردووە، دەیەوێت بڵێت (ئەوەی لەم بوون و نەبوونەدا دەمێنێتەوە تەرمێکە، پسوولەی چوونە ژوورەوەی هیچ گۆڕستانێکی پێ نییە)، کەواتە بابەتەکە پەیوەستە بە جەدەلیەتی بوون، مردن. کە شوێن ڕۆلی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، چ لە ناونیشاندا چ لە دواین دێڕدا، کە ئیدی ئەو تەرمە ، ئەو بوونەی دەڕوێت و دەمرێت، شوێنی مانەوە و ناشتن و ئارامبوونەوەی نییە، بۆیە گۆڕستان دواین شوێنی مردووە لە دوای مردنیش، مردنەکە کردەیەکەی بەدی نەهاتوو دەبێت، چونکە پسوولەی چوونە ژوورەوەی شوێنی نییە.

***دەوروبەر***

بایەخی پراگماتیک لەوەیە، کە واتا هەر بەتەنیا بەڕستە و واتای فەرهەنگی نابەستێتەوە، بەڵکو بەدەوروبەری دەبەستێتەوە، ئەمەش وادەکات واتا کۆتایی نەیێت. چونکە کاتێک دەڵێن "بێگۆڕ" واتە:

شوێن نییە، کەسەکە لەدەرەوەی شوێن دایە، بێ شونە، هیچ شتێک لەژیاندا جێ ناهێڵێت. بێ ناونیشانە، بێ بوونە. کات و زەمەنی نییە.

***دەچمە بیابانی فرمێسک***

فرمێسک شوێن نییە، هەروەها بیابانیش تەڕ نییە. واتای ناڕاستەوخۆی سروشتی ئەو شتانە ناگەیەنێت، بەڵکو واتایەکی خواستراومان پێ دەبەخشێت. کەواتە لێرەدا لەڕووی پراگماتیکییەوە، بیابان شوێنە، هەروەها شوێن نییە، فرمێسک شوێن نییە و بۆتە شوێن. واتاکەی پێچەوانە بۆتەوە. کەسەکە "بێگۆڕە" بەدوای بوونێک دەگەڕێت، تەڕ بێت وەکو فرمێسک، بەڵام ئەو فرمێسکیشی وشکە وەکو بیابان.

***دەچمە بۆشاییەکانەوە***

دیسان بەدوای شوێنێکەوەیە، کە بوونی نییە. بۆشاییە، بەڵام ئەم بۆشاییانە شوێنە بۆ ئەو.

***لەم ناوەدا***

دیسان شوێنە تا دەگاتەوە گۆڕستان.. دیسان گۆڕستان بابەتێکی بێ کۆتاییە، کە نهێنیی بوونی "کچێنی" ئەتکراوی دەستی "شەو"ی لەخۆ گرتووە. کەس ناتوانێت شیکەرەوەی ئەو نهێنیانە بێت، کە بوونی "کچێنی" بێ "پسوولە"یە.

لەشیعردا هەمیشە پەنا بۆ (واتای مەبەستدار) دەبردرێت، هەروەها واتای تایبەتی و گشتی تێدایە، کە دەڵێین واتای تایبەتی، مەبەستمان

ئەو بابەت و کۆنتێکسانەیە کە پەیوەستن بەدەوروبەر و بواری پراگماتیکی، واتای گشتیش، واتا فەرهەنگی و گشتییەکانە.

لەم شیعرەدا واتا تایبەتییەکان دەکرێت لەم چەند دێڕە وەرگرین:

***- شەو گۆڕێکی بۆ کچێنی خۆی هەڵکەند واتا ( ڕۆژ نییە، تاریکییە، دڕندەیە، بینین لەدەستدراوە و هەستپێکردن قورسە، ئایندەیەکی ناپەسند و جێگەی گومان و خراپ بەدی دەکرێت).***

***- تاریکی هەتیو مایەوە بەواتای ئەوەی (لەبەر ئەوەی ڕۆژ نییە و شەوە، واتە ژیان لەقەیران دایە و یەکتر بینین و ناسین و هاوکاریی و بەکۆمەڵ ژیان و هاریکاری و بەیەکەگەیشتن و پەیوەندیکردن لاوازە و بەرەو کێشەیە، تاریکی تەنیا دەمێنێتەوە، هەموو هێزەکانی دیکە کە هێزی ڕووناکی و ڕۆژە لەبەردەم تاریکدا شکاون، یان لەبەر خراپی هێزی شەو شوێنەکەیان بەجێ هێشتووە، یان پشتیان کردۆتە شەو).***

***- چاوەڕوانیمان بە دیار خەونە دارینەکانەوە (خەون نییە، وشک بووە، خەونەکان زیندوویەتیان تێدا نەماوە، خراپن، هیوابەخش نین).***

***واتا گشتییەکە***

***وەکو: گۆڕستان، کاتژمێر، کچێنی، گۆڕهەڵکەندن، تاریکی، شەو، دەمامک، ڕێگاکان ... تاد.***

### ***گوتنەکانی نێو کردە قسەییەکان***

بەپێی بۆچوونەکان کردە قسەییەکان باسی جیاوازی نێوان سێ جۆر قسەکردن دەکات (قسەی هەواڵدان، قسەی پرسیار، قسەی فەرماندان). ( محەمەد محەمەد یونس، ٢٠٠٤، ٣٣).

ئەگەر ئەم بۆ چوونە بەسەر شیعری "بێگۆڕ" جێبەجێ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە:

**١- هەواڵدان**

- ***شەو کچێنی خۆی هەڵکەند.***
- ***تاریکی هەتیوو بوو.***
- ***هەموو ڕێگاکان دێنەوە لام.***
- ***سەفەر دەمامکێکە دەیبەستم.***

***پسولەی چوونە ژوورەوەی هیچ گۆڕستانێکی پێ نیە.***

بەپێی بۆچوونە زمانەوانییە کۆمەڵایەتی و پراگماتییەکان لەپێکهاتەی هەواڵدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پێویستە (دروستی و هەڵە، ڕاست و درۆ) وەکو بنەما بۆ ساخکردنەوەی نێوەڕۆکی هەواڵەکە بەکاربهێنرێت، چونکە ( لەم جۆرانەدا قسەکەر خۆی دەکات بەشایەت و جەخت لەسەر دروستی نامەکە، یان هەواڵەکە دەکات و گوێگر دڵنیا دەکات، کە گوتنەکە دروستە و ئەو دڵنیاییە لەڕاستی نامەکە دەردەکەوێت. بەواتایەکی دیکە قسەکەر سەرچاوەی زانیارییە و زانیارییەکە دەدات بە گوێگر و کاردانەوە لەگوێگر ڕوونادات تەنیا زانیارییەکەی پێ دەگات. (د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، ٤٧).

**٢- پرسیار**

ئامانجی پرسیارکردن دەستخستنی زانیارییە، لەڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت، چونکە قسەکەر زانیاری لانییە دەیەوێت بەهۆی پرسیارکردنەوە ئەو زانیارییانە بەدەست بێنێت. (د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، ٤٨). بەواتایەکی دیکە پرسیار کردن، یان کردەی کۆکردنەوەی زانیاری لەنێو دەقی شیعریدا مەرج نییە ڕاستەوخۆ کۆکردنەوەی زانیاری بێت، لە گوێگرەکانی، بەڵکو گەڕانێکی فکریی و ڕەوانبێژی و خولقاندنی کەشێکی پڕ لەگومان و سەرسوڕمانە، لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی زهنی، یان جووڵاندنی خوێنەر بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و بەدوای وەڵامێکی گونجاودا بگەڕێت.

(حەمە عەباس) دەڵێت:

***ئەستۆی کێ***

***ڕاستکردنەوەی هەڵەی دروستبوون هەڵدەگرێ.***

**٣- فەرماندان**

ئەم جۆرە ڕستەیە یەکێکە لەجۆرەکانی ڕستەی داخوازی، کە قسەکەر داوا لە کەسی دووەم دەکات، کارێک بکات، یان هەڵوێستێک بنووێنێت، یان بە پێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێک بەکار دەهێنرێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە ڕستەیە بەهۆی کاری ڕستەکەوە دروست دەبێت. (د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، ٤٩). هەندێکی دیکە پێیان وایە ( کردەی فەرماندان بەکاردێت بۆ ئارەزووی قسەکەر، کە کاریگەری بکاتە سەر وەرگر لە داهاتوودا لەڕێگای داوا و دەرکردنی فەرمان و داوا و پێشنیار و... تاد). (د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٦٠).

لەم دەقەدا بەکارهێنانی کردە و هەواڵی فەرماندان بەکارنەهێنراوە.

### *لێکەوتە ئاخاوتنییەکان:*


وەها شیکراوەتەوە کە (ئاخێوەران دەتوانن مانایەکی زیاتر یان جیاوازتر دەربڕن لەوەی کە دەیڵێن یان دەینووسن). (قەیس کاکل، ٢٠٠١، ١٢). کەواتە لەشیعری "بێگۆڕ"دا شاعیر دەیەوێت واتایەکی زۆر جیاوازتر لەوە پێشکەشی گوێگر بکات، کە لەوشە ئاساییەکاندا هەیە. "شەو گۆڕی کچێنی خۆی هەڵدەکەنێ". ئەمە واتای زۆر جیاوازتر پێشکەش دەکات، لەوەی کەسێک گۆڕێک لێ بدات و خۆی تێدا بشارێتەوە.

ئینجا لێکەوتەکان دابەشی سەر سێ جۆر کراون (گشتی، تایبەتی، تەقلیدی) لەگشتییەکەدا لێکەوتە لەناو ڕستەکەدا سەرچاوە دەگرێت، کە دەڵێن هەندێک کتێبم هەیە، واتە زۆرم نییە، هەر تەنیا هەندێکم هەیە. لەلێکەوتەی تایبەتیدا هەمیشە لەگوتندا دەبینرێت، لێرەدا زانیارییەکان لەناو وشەدا بەدی نایەت، بەڵکو پێویست بە زانیاریی دنیایی هەیە. نموونە دایک: دەتوانی بەیانی سەرم لێبدەیت؟ کوڕ: بەیانی مەکتەبم هەیە. کەواتە لێرەدا وەڵام لە ڕێگەی بەڵێ و نەخێر نییە. لەلێکەوتەی تەقلیدیشدا پشت بەبنەماکانی هاریکاریی نابەستێت و مەرج نییە لەئاخاوتندا ڕووبدات و پەیوەندی بەواتای تایبەتی وشەکانەوە نییە. (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١١، ٢١٦).

شیعر خاوەنی یاسایەکی تایبەتی گوتن و بەکارهێنانی زمانە، بەپێی ئەو دەوروبەرە دەروونی و هەستی و زهینانەی شاعیر لەپێناو خولقاندنی کەشێکی بەرز پڕ لەوروژان و هەستبزوێن و پڕ لەجووڵە ئەنجامی دەدات.

زمانی شیعر بەشێکی زۆری لادانە واتاییەکانی زمانی شیعر دەگرێتەوە، لادانی واتایی تایبەتمەندییەکی زمانی شیعرە، هەستی مرۆڤی پێ دەوروژێنێت، بەوەش دەستکاریی ئەو پەیوەندییە دەکات، کە لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، گۆڕان لەواتاکان دەکات، بەمەبەستی ڕازاندنەوە، واتە وشەکان بۆ ئەو مەبەستە بەکارناهێنن، کە لە کۆمەڵدا باوە و ئاساییە، ئینجا ئەو گۆڕانە بە بەزاندنی بنەمای هاریکاری دەبێت. (د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٨٤).

لەمەش پتر وشە بەسەرچاوەی پێکهێنەری زمانی شیعر و ئامرازی دەستی شاعیر دادەنرێت، سەرباری ڕۆڵی وێنە لەزمانی شیعردا، ئەویش بەلادان لەزمانی ئاساییدا دروست دەبێت. (سیمۆنیش) دەڵێت شیعر وێنەیەکی دواوە. زمانی شیعر وروژاندنی هەستە و لایەنی خودی مرۆڤی تێدا ڕەنگ دەداتەوە (د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٨٥)، بۆ زانیاری پتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (دێل کارنجی، د. ت، ١٨٣)، (میدیا، ١٩٩٨، ١٨٧)،( مصطفى مندور، ١٩٧٤، ١٨٣).



لەبارەی لێکەوتە قسەییەکانەوە (گرایس) چوار بنەمای داناوە (چەندێتی و چۆنێتی و پەیوەندی (گونجاو) و شێواز) ئەگەر ئەم چوار بنەمایە لەسەر دەقی "بێگۆڕ" جێبەجێ بکەین دەکرێت بەمجۆرە شیکارییە پراگماتیکەی خۆمان ئەنجام بدەین:

**یەکەم – چەندێتی:**

لێرەدا نابێت زیادەڕەوی لە پێدانی زانیاری بکرێت، دەبێت بە پێی پێویست بێت

بەڵام سەیر دەکرێت، بنەمای لادان بەهۆی ئەوەی دەقەکە شیعرە و یاریی بەوشە و وێناکردن و دەربڕین و هەڵگێڕانەوەی واتای وشەکان هەیە، بنەماکانی لادان باشتر لەدەقی "بێگۆڕ" دێتەوە، چونکە ئەو زانیارییانەی لەبنەمای چەندێتی هەیە، لە دۆخی پێویست دەرچووە، لێرەدا گوێگر، بوونی نییە و بەشداری لە قسەکردنەکاندا ناکات، تاکو زانیارییەکان فرە بکات.

یاخود زانیارییەکان دەبێت بەپێی پێویستە دەستەبەر بکرێت، ئەمەش لەدوو ڕێگاوە دەبێت وەکو :

- بەشداری بەگوێرەی پێویست بێت.
- بەشداری زیاد لە پێویست نەبێت. (د. عەبدلواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٧٣).

بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێن، شیعر خۆی پەیڕەوی (کورت گوتن و دەربڕین و چڕکردنەوە) دەکات، بۆیە بەپێی پێویست شتەکان دەگەیەنێت، هەمیشە زمان لەپێناو کورتکردنەوەی مەبەستەکان بەکاردەهێنێت.

(حەمە عەباس) دەڵێت:

***هەموو ڕێگاکان دێنەوەلام***

لەم دەربڕینەدا شاعیر زۆر بەکورتی، بێ ئەوەی هیچ زیادەگوتنێک بەکاربهێنێت، وەکو ئەوەی وەڵامی پرسیارێکدا بڵێت، (هەموو ڕێگاکان دێنەوە لام). واتە هەر هێندە دەڵێت، کە گوێگر پێویستییەتی، بەلای ئەوەدا نەچووە ئاماژە بەوە بکات، بۆچی و چۆن و کەی وبەچ شێوەیەک ڕێگاکان دێنەوە لای. یاخود هیچ وەسفێکی ئەو هەموو ڕێگایانە ناکات، ئاماژەش بەوە ناکات چەند ڕێگایە، ڕێگەکان چۆنن، دوورن، درێژن، شێوەی پێچاوپێچە، یان ڕاست، ڕێگەی قیرتاون، یان خۆڵ.

گرنگ ئەوە وەکو وابەستە بوونێک بە بنەمای هاریکاری چەندیی تەنیا هەر هێندە دەڵێت، کە پێویستە و هیچ زیادە گوتن و شتێکی ئاماژە پێ نەکردووە، کە دەبێتە مایە زیادە ئاماژەپێکردن زانیاری و مەبەست و وەسف و گێڕانەوە و وێناکردن ... تاد.

**دووەم – چۆنیەتی:**

بنەمای هاریکاری چۆنیەتی، پەیوەستە بە دەربڕینی ڕاست و دروست و واقیعی، بەڵام ئێمە باسی دەوروبەر و کەشی نووسینی شیعر دەکەین، بۆیە لادان لەبنەما سروشتییەکانی بەکارهێنانی وشە، لەنێو گوتاری دەقی شیعریدا زەقتر دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین دەبێت گوتنەکان ڕاست بن و نابێت گومانت لەڕاستی دەربڕینەکان هەبێت و قسەکان نابێت بێ بەڵگە بن. بە واتایەکی دیکە قسەیەک مەکە، کە گومانت هەیە ڕاست بێت، یان بەڵگەی ڕوونت نەبێت. (د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٧٢– ٧٤).

لەم دەقەدا (حەمە عەباس) بەشێوەیەکی قووڵ پەیڕەوی بەکارهێنانی وێنەی خەیاڵی کردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی وێناکردن و بەکارهێنانی زانیاری ڕاستەقینە و بەڵگەدارە. ئەمەش پەیوەندی بە شێوازی نووسینی شیعر و بەکارهێنانی زمانی شیعریی هەیە.

***سێیەم- گونجان***

گوتەکان دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی و داوای گوێگر، نەک بابەت بگۆڕێت و لەوەڵامە گونجاوە باوە دروستەکە ڕابکات.

بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێن (دەبێت بەشداریەکە گونجاو بێت، نەک بابەت بگۆڕێت و کۆتایی بە قسە بهێنی..

لەکردەوەدا زمانی ئەم دەقە شیعرییەی، کە ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا هەڵمانبژاردووە، بریتییە لە بەشدارییەکی گونجاو، کۆتایی قسەکان، پەیوەندییان بەو خەیاڵە شیعرییەوە هەیە، کە شاعیر دەیەوێت لەنێو هەست و نەست و بۆچوون و وێناکردنە شیعرییەکەیدا دروستی بکات.

(حەمە عەباس) دەڵێت:

***هزرم لە قتوویێکی داخراو دەئاخنێ***

***تەنێ چاوەکانم دەبا***

لەم وێنە شیعرەییەدا بێ ئەوەی زانیاریی نادروست و لابەلا ئاماژە پێ بکات، دەڵێت: (لەڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی لکاوی (ێ) ئاماژەی بە (ئەو) کردووە، بێ ئەوەی وشەی (ئەو) بەکاربهێنێت، لە(هزرم)دا بێ ئەوەی (من) بەکاربهێنت لەڕێگەی جێناوی (م) کاری گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکانی گەیاندووە. بێ ئەوەی بچێتە نێو درێژدادڕی و ئاماژەکردن بە چۆنیەتی و شێوە و گرفت و مەترسی و کاریگەری و خراپی قوتووەکە بکات، دەڵێت

(داخراو)، واته بەزۆر و بێ ئەوەی هیچ دەرفەتێکی جووڵە و کارکردنی ئارەزوومەندانەی هەبێت، لەم چوارچێوە زیندانی دەکرێت.

بەگشتی شاعیر بەچڕی و پوختی مەبەستەکانی خۆی گەیاندووە، ئەمەش گرنگی بەکارهێنانی بنەمای هاریکاری لەچۆنیەتی گەیاندنی زانیاری و هاریکاریکردنی وەرگر و خوێنەران نیشان دەدات، کە شاعیر دەتوانێت تەنیا ئەو زانیارییە دروستانە بگەیەنێتە خوێنەرەکانی، کە ڕاست و دروستن و نادروستی و نەگونجان لەدوای خۆیان بەجێ ناهێڵن.

شاعیر شتێکی نامەعەقوڵی ناواقیعی لەم دێڕەدا کردۆتە بیرۆکەیەکی واقیعی و گونجاو بۆ گەیاندنی بیرۆکەی (فشارهێنان و زۆرلێکردن و بەزۆر چوارچێوەدارکردنی عەقڵ و بیرکردنەوە).

### ***چوارەم- شێواز***

گوتنەکان دەبێت شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بێت، واتە کورت و ڕێکخراو بێت و تەمومژاوی نەبێت. (د. عبدالواحد موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٧٢).

زمانی شیعر هەمیشە زمانێکە پشت بەڕەوانبێژی و لێڵی لەدروستکردنی واتا و هاوواتایی و هاوبێژی دەبەستێت، بۆیە لەم بوارەدا کە پێی دەڵێن بنەمای شێوازی هاریکاری و پشت بە لابردنی تەمومژ و ئاشکرایی و کورتگوتن و ڕێکخراوبوون دەبات، لە شیعردا بەگشتی پەنا بۆ لێڵی و تێکشکاندنی بنەما ڕێزمانی و واتایی و وشەسازیش دەبرێت، بەڵام قسەکان بەکورتی و پوختی ڕادەپەڕێنرێت، بەجۆرێک لەهەندێک بواردا قسەکان هێندە کورت دەکرێنەوە، واتا و مەبەست و ڕستەکان بە ناتەواوی بەکاردەهێنرێن. ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە لەنێو دەقی شیعریدا.

ئەم بنەمایانەی هاریکاری کە (گرایس) دایناون، ڕەنگە نەتوانێت هەموو پرسیارە زمانییەکان وەڵام بدەنەوە، یان کەموکورتیان تێدا نەبێت. شیعر، زمانی شیعری بەشێوەیەکی تایبەت پەنا وەبەر ئەم جۆرە گوتن و دەربڕین و بەکارهێنانە دەبات، چونکە شاعیر لەڕێگەی زمانێکی کورت و پوخت، هێندە گوتن و وێنە شیعرییەکانی کورت دەکاتەوە و بەوشەی چڕوپڕ و ڕستەی کورت و تەنانەت تەواونەکراویش وێنا دەکات، کە بنەماکانی هاریکاری بگرنەوە.

لەهەمان کاتدا زمانی شیعری پڕە لەلادان و بەکارهێنانی زمانی (خوازە و کورتبڕ و ڕەوانبێژی و پێچواندن و لێکچواندن و هەڵگێڕانەوەی هەقیەت بۆ ناهەقیەت، واقیعی بۆ ناواقیعی، گونجاو بۆ نەگونجاو... تاد) ئەمانەش دەبەنە هۆکار بۆ دروستبوونی دۆخی (لادان لە بنەماکانی هاریکاری). بۆ لێکدانەوەی لادانەکان چەند شێوازێکی لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کراوە. (د. عبدالواحد موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٨٨-٩١).

***یەکەم- لادان لە چەندێتی:***

ئەگەر بەشداری نووسەر و قسەکەر زیاد لەپێویست بێت، ئەوا ئەم لادانە لەنەزانینەوە نییە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی قوڵتر ئەم لادانەی بەکارهێناوە، تاوەکو شێوازێکی کاریگەر بخولقێنێت، وەکو:

پووش لەلای حەلوایە حەتاکو پەڵۆشەی چنگ کەوێ

بای ئەدا لوولی ئەدا قوتی ئەدا مانەندی حووت (شێخ ڕەزا، ١٢٨).

لەم دەربڕینەی خوارەوەدا (شاعیر حەمە عەباس) هەندێک شت دەڵێت، ڕەنگە بەلای خوێنەر و وەرگرەکانی هەندێک زیاد بێت، یان وەکو پێویست نەبێت. بۆ؟ (تاریکی) و (دوایی نایێ)، ( هەتیوو)، ( پاشە و پاش)، (هەڵم) و (مێژوو). لەکردەوەدا (خوێنەر) ڕەچاوی ئەم هەموو شتەی نەکردبێت،

لەکاتێکدا شاعیر بە (تاریکی هەتیوو) دەست پێ دەکات. پاز دەداتە سەر هەڵم و پاشەوپاش و ڕاکردن و مێژوو و دوایی نەهاتن، لەم دێڕەدا دەڵێت:

***تاریکی هەتیوو مایەوە و بوو بە هەڵم***

***پاشەو پاش ڕاکەڕاکی مێژوو دوایی نایێ***

لە دێڕێکی دیکەدا (حەمە عەباس) لەبنەماکانی هاریکاری لادەدات، بەتایبەتی بنەمای چەندێتی، ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە خوێنەر پێویستی بەچەند هەیە بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات، یان بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین، شاعیر پتر لەپێویستی و چاوەڕوانی خوێنەر و وەرگر زانیاری پتری پێشکەش کردووە، وەکو:

***چاوەڕوانیمان بە دیار خەونە دارینەکانەوە***

***شەوچەرەی شەوارەیەکی ئەزەلی و***

***دەفتەرێکی نەنووسراوی چارەنووسە***

لەم دێڕانەدا شاعیر لە باسی چاوەڕوانیدا بەدەم خەونە دارینەکانەوە پاز دەداتە سەر (دەفتەرێکی نەنووسراو). لەکاتێکدا خوێنەر پتر فکری بەلای دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی چاوەڕوانیدا دەچێت، نەک دەفتەری نەنووسراوی چارەنووس.

***دووەم- لادان لە چۆنیەتی:***

قسەی ناڕاست و بێ بەڵگە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت و بە چەند شێوەیەک دەبێت، ئەمەش چەند شێوە و بوارێکی دیکە دەگرێتەوە لەوانە:

**گاڵتەکردن (قاقاپێکەنی)**

**ئاخ لەدەست شۆربای سلێمان چاووش و قاوەی خلە**
**ئەو دەڵێی ئاوی گەراوە و ئەو دەڵێی نەوتی گلە          ( شێخ ڕەزا، ١٣٥).**

لادان لە یاسای زمان  لە شیعردا لادان لە زمان بە ئاسایی روودەدات، بۆ ئەوەی وێنەی شیعری دروست بکرێت. خواستی ویژدانی   (لێرەدا وشە و  رستەکان لە واتادا ئەو واتا ئاسایی و ئاشکرایە ناگەیەنێت، کە (هزر لە قوتوو بکرێت و تەنێ چاوەکان ببات).

(حەمە عەباس) لە دێڕێکدا دەڵێت:

***پسولەی چوونە ژوورەوەی هیچ گۆڕستانێکی پێ نیە.***

ئەمە لادانێکی ناڕاستەوخۆی تێدایە، چونکە جۆرێک لەوێنەیەکی کاریکاتێری لەخۆ گرتووە، ئەویش (پسوولەی چوونە گۆڕستانە). لەکردەوەدا هیچ کاتێک چوونە گۆڕستان بەپارە نییە، بەڵام شاعیر بۆ هەڵگێرانەوە و دروستکردنی وێنەیەکی شیعری، بەدەرچوون لەبنەمای هاریکاری چەندێتی، کە پشت بەزانیاری دروست دەبەستێت، یان ئەو شتانەی باسی دەکات نابێت پێچەوانەی هەقیقەت و واقیع بێت و دەبێت بەڵگەدار بێت.

ئەم وێناکردنە هیچ بەڵگەیەکی تێدا بەدی ناکرێت و تەنیا لادانێکە وەکو (گاڵتەپێکردن و ڕەخنەگرتن و کاریکاتێر).

***خواستن:***

خواستن لادانە لەیاسای زمان، لەپاڵ هەست و سۆزی شاعیرەوە دەردەبڕدرێت، وەکو:

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان          (نالی، ٧٩).

لێرەداشاعیر (سێو)ی خواستووە بۆ (مەمک)، کە لەشێوەی خڕی لەیەک دەچن و (دوگمەی سینە)ش نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە.

(حەمە عەباس) لەدێڕیکدا دەڵێت:

***شەو گۆرێکی بۆ کچێنی خۆی هەڵکەند.***

ئەمە خواستنە لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی شیعری لەپێناو گەیاندنی مەبەستێکی فکری و شیعری دروستکراوە. (شەو) بە (ئافرەت، کچ) چوێنراوە، واتە شەو خواستراوە بۆ (ئافرەت/ کچ)، یان بەپێچەوانەوە (کچێنی/ کچی هەرزەکار، بچووک)ی خواستووە بۆ (شەو)، کچ وەکو خواستنێک بۆ تاریکی بەکارهێناوە. لەهەمان کاتدا (کچێنی) یەکسان کراوە بە (هەڵکەندن)، لەدەستدان و دۆڕانی کچێنی. ئەم گوتانە لادانێکی ئاشکرایە لە بنەمای (چەندێتی بەتایبەتی خواستن) چونکە بەهیج شێوەیەک (کچ نابێتە شەو). یەکەمیان کەسە و گیانی تێدایە و بکەرە و کار دەکات و بیردەکاتەوە و ئەرک جێبەجێ دەکات، بەڵام (شەو) بریتییە لە شتێکی بێ گیان، کاتە، تاریکە، ترسینەرە، کاتی نووستن و پشوودانی مرۆڤە.

***ئاماژە پێکردن:***

درکە دەگرێتەوە و ئاماژەی بۆ شتێک، یا کەسیک ، وەکو:

نەخلی باڵات نەوبەرەیە، تازە شکۆفەی کردووە

تۆ کە (بۆی شێرت ل دەم دێ)، ئەم مەمەت کەی کردووە. (نالی، ٣٦)

بۆی شێرت لەدەم دێ، ئاماژەیە بۆ (منالّی) کەسەکە.

(حەمە عەباس) لە بنەمای ئاماژەکردن لەبواری لادان لە بنەمای هاریکاری چەندی لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

***سەفەر دەمامکێکە دەیبەستم.***

لەم ئاماژەیەدا کە لادانی تێدایە (دەمامک) وەکو ئاماژە بە واتای (نادیاریی و شاراوە) بەکارهێنراوە. واتە سەفەرێکی نادیار و شاراوە کە خەڵکی دیکە هەستی پێ ناکەن ئەنجام دەدرێت. ئەو نادیاریەش خودی (سەفەر)ەکەیە، کە (ئەو) وەکو دەمامکێک بۆ خۆشاردنەوە و شاردنەوەی خودی سەفەرەکە دەیبەستێت و بەکاری دەهێنێت.

یان دەڵێت:

***تاریکی هەتیوو مایەوە و بوو بە هەڵم***

لەم ئاماژەیەدا (تاریک) یەکسانە بە (منداڵ)، چونکە لەزمانی کوردیدا هەر کاتێک (مرۆڤێک، بەتایبەتی منداڵێک) کە دایک و باوکی دەمرێت پێی دەڵێن (هەتیوو)، ئەم ئاماژەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆ ئەم دۆخە بەکاردەهێنرێت. ئەم ئاماژەیەش لادانە لەبنەمای هاریکاری، چونکە هیچ بەڵگە و ڕاستکردنەوە و پاڵپشتییەکی زانستی نییە کە (تاریکی واتا و بەهەقیقی منداڵ) بێت.

***کەمکردنەوە:***

کاتێ یەکێک کارێکی گەورە بکات و بەرانبەری بچووکی بکاتەوە، وەکو:

ئەبو زەیدی دەکا رۆحم لەگەڵ ماچی دەمت، ئەمما

دەترسێم وەکو نیشانم دا بڵێ هیچە و پەشیمانم (حاجی قادر، ١١٩).

واتا گیانی وەکو (ئەبووزەید) بۆ ماچی دەمت دەپاڕایەوە، لەوە دەترسێم کە گیانم نیشانی یاردا لەبڕی ماچەکەی بڵێ بێنرخە و هیچە. لێرەدا شاعیر وانیشان دەدا کارێکی گەورەی کردووە، کەچی بەرانبەرەکەی کەمی دەکاتەوە.

(حەمە عەباس) لەجۆرێکی دیکەی لادان لەبنەمای هاریکاری لەڕێگەی بەکارهێنانی (تەنێک) دەیەوێت (پێگە و بەهاو و کاریگەریی و ئەرک و بایەخی) ئەو شتە کەم بکاتەوە، لەڕێگای پێچوواندن و کەمکردنەوەی بەهای (تەنە) ئاماژە پێکراوەکەوە. شاعیر دەڵێت:

***تاریکی هەتیوو مایەوە و بوو بە هەڵم***

تاریکی هەتیوو مایەوە، واتە (خاوەن و بەخێوەکەر و بزوێنەر و بەدیهێنەرەکەی) نەماوە. لەکاتێکدا لەزمانی کوردیدا (هەتیوو) یەکسانە بە (کەس و بوونەوەرێکی زیندوو، کە مرۆڤە). ئەمەش یەکسانە بە (منداڵ). واتە هەر کاتێک منداڵ باوکی، یان دایکی دەمرێت، بە(هەتیوو) وەسف دەکرێت. ئەم تەنە (تاریکی) بەجۆرێک وەسفکراوە و بەهاکەی کەمکراوەتەوە، کە یەکسان کراوە بە (هەڵم). ئێمە ئەوەمان لا پشت ڕاست کراوەتەوە، کە (هەڵم) واتای (نەبوون و بێ بەها و بێ شوێن و تەنانەت لەناوچوونیش) دەگەیەنێت. هەر شتێک لە مادەوە بچێتە دۆخی هەڵم، واتە بەرەو لەناوچوون و نەمان دەچێت. ئەم لادانە لەبواری زمانەوانیدا یەکسان و هاوسەنگە لەگەڵ (نەمان و بێ بەهایی و لەناوچوون)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەو تەنەی لەنێو دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

***زیادەڕۆیی :***

قسەکردنەکە هەڵئاوسانی واتایی تێدا بێت و وشەی هاوواتا و زیادی تیا بەکارهێنرابێت، وەکو:

ئەی تەلەفی گفت و گۆ، جامیعی لیزب و درۆ

واعیزییە ئیشی تۆ، عاشقییە کاری من (نالی، ٨٤).

لەم دێڕەدا زیادەڕەویی هەیە، چونکە باس لە دوو وشە کراوە (کیزب) و (درۆ)، کە هاوواتان. یان هەندێک جار زیادەڕەویی لە قسەکردنەکاندا هەبێت، وەکو :

بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا

ڕەئیسی حیلەکاران شای قوماربازانە، ئەم ریشە (شێخ ڕەزا، ١٣٤).

ئەم دێرە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، چونکە بە جوولانەوەی تەلە ڕیشێک چۆن سەد هەزار کەس بە کوشتن دەچێ؟

(لەگەڵ دنکەلمەکانا خۆمان دەشۆین) لێرەدا گوناە کراوە، بە پاکی بیابان خۆیان دەشۆنەوە، تاوانێکی بە کۆمەڵیشە، ئەوان دەچن.. لەگەڵ ئەستێرەیەکی تەریک قەبارەیەک بە قەد خۆمان داگیر دەکەین). لە کاتێکدا ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سەیر بکرێت بیابان شوێنی ئەمجۆرە "کچینی" کوشتن بووە، کەچی شاعیر دەیەوێت بگەڕێتەوە ئەوێ و لەوێ خۆی بشوات، تا پاکبێتەوە. ئەو دەیەوێت بڵێت ئەوێ واتە بیابان جێگەی کوشتنەکەیە. نەک لەوێ بچن خۆیان بشۆن.. کە ئێمە دەزانین شەو گۆڕی بۆ کچێنی خۆی هەڵکەند، لەترسی (ئێمە)، کە پێویستە خۆیان بە لمی بیابان بشۆنەوە.

یان لەدێڕە شیعرێکی دیکەدا، کە زیادەڕۆیی لەدەربڕین و وەسف و گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکان تێدایە، شاعیر دەڵێت:

***شەو گۆڕێکی بۆ کچێنی خۆی هەڵکەند***

لەم دەربڕینەدا شاعیر زێدەڕەوی لەوەسفی دۆخە دەروونی و واقیعیەکە دەکات، چونکە (شەو) توانای لێدانی گۆڕی نییە، ئینجا شەو قەبارەیەکی بەرجەستەی پێوانەکراوی دیاریکراوی نییە، تاکو لەشوێنێکی بەقەد پێوانەی (گۆڕ) بشاردرێتەوە.

(کچێنی) تایبەتە بە پێکهاتەی فسیۆلۆجی (ئافرەت، لەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنی کچدا) هەیە، یان ئەو (کچانەی شوو ناکەن). ئەم پێکچوواندن و زێدەڕۆییە، لەوەی شەو کچە، لادانێکی ئاشکرای دەربڕینە لە بەکارهێنانی بنەمای هاریکاریدا.

***لادان لە گونجان:***

قسەکردنەکە نەگونجێت لەگەڵ واقیع، وکو:

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە

باسەڕسەڕی نوورینە کە لێی کردمە سەرما      (حەریق، ١٤٤).

لەم دێڕە شیعرەدا (خەفەت) ناشێت (هەور) ی هەبێت و (غەم)یش (بەفر)ی نابێت و ناشتوانێت بەسەریدا بدرێت.

یان هەندێک جار دوو شتی دژ بەیەک کۆ دەکرێتەوە، وەکو:

(یارم)م لە ئەندەروون هات دەستی (رەقیب) لە دەستا

(غەمناک و شادمان) م (رەحمەت) (عەزاب)ی هێنا   (سالم، ٥٨).

(غەمناک) و (شادمان) و (رەحمەت) و (عەزاب) شتی دژبەیەکن و لەگەڵ یەکتردا کۆنابنەوە.

(حەمە عەباس) لە چۆنیەتی لادان لەبنەمای گونجاودا توانیویەتی لەئەنجامی دروستکردنی وێنەی شیعری، یان ئەو زمانە شیعرییە باوەی کە بۆ شیعر گونجاوە و بۆ دەقی دیکەی ڕەنگە جۆرێک لە نەگونجاویی لەخۆ بگرێت، توانیویەتی لادان دروست بکات. ئەو لادانەش بەهیچ

شێوەیەک نابێتە هۆکار بۆ کەمکردنەوەی بەهای زمان لە گوتاری شیعر و دەربڕین و گوتنەکاندا، بەپێچەوانە جۆرێک لەهێزی دەربڕین و مەبەستی بەدیهێنانی گوتاری دەقی دروستکردووە.

شاعیر دەڵێت:

***دەچمە بیابانی فرمێسک***
***دەچمە بۆشاییەکانەوە***
***قەوارەیەک بە قەد خۆمان داگیردەکەین***

(فرمێسک) بەهیچ شێوەیەک نابێتە (بیابان)، (بۆشاییەکان) هیچ شوێنێکی دیاریکراوی تێدا بەرجەستە نییە، تاکو بۆی (بچێت)، چونکە (چوون) دەبێت لە(شوێن)دا ئەنجام بدرێت، ئەمەش وەکو لادانێک پەیڕەو کراوە. (خۆمان) دیار نییە چ جۆرە قەوارەیەکیان هەیە، تاکو (قەوارەیەکی بەقەد خۆیان) هەبێت. واتە لادانە لە چۆنیەتی پیشاندانی شتەکان بەپێی پێویست و ئەوەی کە خوێنەر چاوەروانی دەکات و بیری لێ دەکاتەوە.

(بیابان) وشکە، گەورەیە، ترسناکە،بێ کۆتاییە، بەڵام (فرمێسک) تەڕە، بچووکە، خەم ڕەوینە، کۆتایی هەیە. (دەچم) ئارەزوومەندایە و بڕیارێکە ئازادانە بەئیرادەی خۆی ڕای دەپەڕێنێت، تاکە، باسی خودی خۆیەتی، بەڵام (بەقەد خۆمان) لەدۆخی کۆ دایە، (ئێمە) دەگرێتەوە، ئینجا (داگیردەکەین) هێزبەکارهێنان و خۆفەرزکردن و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکەی تێدایە، پێچەوانەی ئازادییە. ئەمانە بەبەشێک لەلادان لە بنەمای گونجان دێت، چونکە قسە کردنەکان دەبێت لەگەڵ واقیع بگونجێت.

***سێیەم- لادان لە شێواز***

واتە قسەکردنەکە بەشیوازیکی لێڵ دەرببرێت، وەک بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ، کە لە ڕەوانبێژیا لەژێر ناوی (ڕەگەزدۆزی) بەکاردێت، وەکو:

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین لێرە، خۆشە چینی ماچین (نالی، ٢١)

وشەی (خۆشە) لەم دێرە شیعرەدا هاوبێژە و بە دوو واتا دێت (خامۆشی)، کە بەرانبەرەکەی ناخۆشییە و (هێشۆ).

لە شیعری "بێگۆڕ" بە ئاسایی هەست بە لادان لە بنەمای شێواز دەکرێت، وەکو:

- ***منایەتی دەڕوێ ، منایەتی دەمرێ***
- ***لەگەڵ ئەستێرەیەکی تەریک قەوارەیەک بە قەد خۆمان داگیر دەکەین.***
- ***لە پشت ساوایی بوونەوە دەوەستم.***
- ***تاریکی بوو بە هەڵم.***

ئەم قسانە لێڵی و فرە واتایی تێدایە، بۆ نموونە (من دەڕوێ) ئەگەر مەبەستی (بوون، لەدایک بوون) بێت، لەهەمان کاتدا (گەشەکردن و گەورەبوون و پێگەیین) دەگرێتەوە، بە واتای قۆناغەکانی ژیان دێت. (منایەتی دەمرێت) (مردن) لەم دەربڕینەدا کە بریتییە لەکردەیەک، (کۆتایی ژیان) و (ڕیسوایی) و (لەدەستدانی بەها)ش دەگرێتەوە. لەم دەربڕینەدا (من) نامرێت، بەڵکو سیفەتی (منایەتی)، خۆپەرستی دەمرێت، ئەمەش واتای (گەشەکردن و دەرچوون لە خۆپەرستی و دیاردەیەکی خراپی ناپەسندی کۆمەڵایەتی و دەروونی) دێت. ئەگەر (مردن) بەواتای کۆتایی ژیان بێت، ئەوە لەم دەربڕینەدا گوتاری (بوژانەوە و درێژەپێدانی ژیان) بەرجەستەیە، لەڕێگەی دەربازبوون لە (منایەتی وەکو دیاردەیەکی نێو کەسایەتی و ناخی مرۆڤ).

***ئەنجام:***

کەواتە کە شیکارییەکی پراگماتیکی بۆ هەر دەقێک دەکرێت، دەتوانرێت بنەما و پێکهاتەکانی ئەو زانستەی تێدا بدۆزرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەق لە شێوەی تەنیا سینتاکسی، یا واتا گشتییەکەی دەربکرێت، واتای واتاکان لە نێو رستەکان بدۆزرێتەوە. کاتێک شاعیر خۆی بە بێ (کات و شوێن) دەزانێت، ئیدی لەگەڵ بوون دەکەوێتە ناکۆکییەوە. لێرەدا هەقیقەت دەگۆڕێت، بۆ ناهەقیقەتێک، کە کەسەکان (بکەرەکان- قسەکەرەکان) لە سەر شێوەی (شەو، تاریکی، کاتژمێر) دەردەکەون. شوێن لە نێو دەقەکەدا بەمجۆرە (گۆڕ و گۆڕستانە، دەفتەر. قوتوو، ریگاگاکان، ئێرە بیابان، بۆشاییەکان، قەوارە، لەم ناوەدا) دەردەکەوێت. کات لێرەدا ( بەدیار، بوو، مێژوو، کاتژمێر، دەوەستم "کاتە هەروەها شوێنە"،مانەوە) دەردەکەوێت.

بابەتەکەشی هەمان شتە کە "کچێنی"یە. کە کات و شوێنی نەماوە، دەچێتە نێو چوارچێوەیەکی فەلسەفی قوڵترەوە، کە پشت بە مێژوو، خەون، گەڕانەوە و وەستان لە پشت منداڵیەتی خۆی دەبەستێت، دەبێتە سەفەرێکی نادیاری شاراوەی دەمامکدراو، کەواتە لە رووی پراگماتیکییەوە، 'کچێنی" سەفەرێکە، ئیدی نادیارە، هیچمان هەستی پێناکەین، بەڵام دەبینرێت، دەڕوات، دەگاتە شوێنێک، ریگاکانی هەموو بۆ دەگەڕێتەوە، شوێنێکی لە بۆشایی داگیرکردووە و قەبارەشی هەیە، لەگەڵ ئەستێرەیەکی لاتەریکیش دەژیت. هەروەها هەست دەکات نامۆیە، شێواوە، تاواندارە بۆیە دەمامکی خۆی داوە. کەواتە ئەو کچێنییەی کە خاوەنەکەی شەوە، باس لە تاریکی و کوێرەوەری و دابڕان لە مێژوو، بوون، بیرکردنەوە و زیندانکردنی هزرەکان لە قووتووە کۆنەکان دەکات، ئەی لەمە،!!! خۆ چاوەکانیشی، هەردوو چاوی بردراوە، بۆ؟ تاکو نەبینێت. بزانە لێرەدا لەرووی پراگماتیکییەوە راستەوخۆ ناڵێت، من ناتوانم هیچ شتێک لە

کوشتنەکانی"کچێنی" شەو ببینم، چونکە (تەنێ چاوەکانی بردم). ناشتوانم بیربکەمەوە، نەی گوتوە من کۆیلەم، دواکەوتووم کەسێکی نەخوێندەوارم، ئەو باسی هەقیقەت دەکات کە دەڵێت " کاتژمێر... هزرم لەقوتوویێکی داخراو دەئاخنێت". کەواتە لێرەدا راستەوخۆ و ئاشکرا باسی شتێکی دیکەی گرینگیش ناکات، تا بە گوێگرەکەی بڵێت، ئاها سەردەم، سەدەی بیست و یەک چەندە کۆیلەدارانە هەڵسوکەوت دەکات، شاعیر دەڵێت (کاتژمێر... هزرم لە قوتوو دەکات). ئەو باسی کات و سەدە و سەردەم دەکات. رەنگە لەرووی پراگماتیکییەوە کاتەکە (هەنووکە، ئێستە، دوێنێ، سەدان ساڵ و سەدە پێش ئێستە بێت)

ئەو ناڵێ کەسێکی دواکەتوو، دەڵێت شەو. کەواتە شەو نوێنەرایەتی دواکەوتوویی و نەزانین و کوێرەوەری دەکات، باسی کۆیلە بوون و تاوان دەکات.

ئەو ناڵێت کوێرەوەری و سەرکەوتوو و بەدبەختی، دەڵێت تاریکی. دیسان (تاریکی) رێبەرایەتی دابڕان لە مێژوو، خەڵک و دەوروبەر دەکات.

ئەو ناڵێت بیرەورییەکانم، دەڵێت (لە پشت ساوایی بوونەوە دەوەستم). گەڕانەوە بۆ رۆژانی سەرەتای ژیان و بوون. رەنگە ئەمە بوونی خودی خۆی بێت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، یاخود بوونی ژیان بە گشتی و گەرانەوە بێت بۆ زەمەنی دروستبوونی گەردوون.

ئەو ناڵێت من ملکەچ دەبم و دەچمەوە لای خۆ بەدەستەوەدان، بەڵکو دەڵێت (هەموو رێگاکان دێنەوەلام). رێگاکان رەنگە (فکر)، (کەسەکان) ، (رووداوەکان) و ئینجا تاوانەکان بن.

لێرەدا باسی منی باڵا، کەسی بکوژ و باڵادەست ناکات، کە چۆن دەبنە پەندی زەمانە، باسی ئازارەکانی بوون لەوە چڕ دەکاتەوە کە دەڵێت (لەم ناوەندەدا.. منایەتی دەڕوێ.. منایەتی دەمرێ..) کەواتە ئەو باسی ئێرە

دەکات، ئێرەش بۆ شاعیرێکی کورد زمان، کوردستانە، ئێرە هەولێرە، ئێرە گەرەکێکە کە منایەتی تێدا زاڵە، لە بیر نەکەین ئێرە ماڵەکەی خۆیەتی، لەمەش هێوەتر ئێرە خودی خۆیەتی، نەخێر ئێرە (منە)، (ناخی) ئەو کەسەیە کە قسەکەری سەرەکی گەیاندنی هەواڵی کوشتنی "کچێنی"ەیەکەیە. بزانە لەگشتەوە دەچێتە نێو تایبەت و لە تایبەتیش تێدەپەڕێت و دەچێتە نێو خودێکی بچوکتر و ئابلوقەدرا و لە نێو ناخەوە.

کەواتە دەکرێت بڵێین، کاتێک ئەم دەقە تەنیا وەکو سیمانتیک شیدەکەینەوە، وەکو چۆمسکی بڕوای پێ هەیە، تەنیا دەتوانین لە رستەدا، وشەکان لێکدەینەوە، بەڵام زانستی پراگماتیک، دەرفەتێکی فراوان و دونیایەکی کراوەی دونیا بینی دەداتە دەق، دەق و رستە و وشە و واتاکان دەبەستێتەوە بە دەوروبەر.

بۆیەشە کە دەقی "بێگۆڕ" ی (حەمە عەباس) لە کۆ شیعری (سێبەری خۆم لێ حەرام مەکە)، شیدەکەینەوە، دەزانین پراگماتیک چ دونیایەکی فراوانتر نیشان دەدات. چونکە ئەم دەقە بەلای پراگماتیکەوە، هەر تەنیا (کوشتنی کچێنی) نییە هەر تەنیا نەبوونی (پسوولەی چوونە گۆڕستان) نییە، بەڵکو ناکۆکی و ململانێ و پرسە، ئەو پرسەی پراگماتیک بە یەکێک لە بنەماکانی توێژینەوەی دادەنێت. پرسی بوون ونەبوون. پرسی کچێنی و ئازادی ، پرسی کوشتن و گەڕانە بەدوای هۆکارەکانی روانی منایەتی و مردنی منایەتی.

سەرچاوەکان

١- د. قەیس کاکل توفیق، وانەی ماستەر ، ٢٠١٥ زانکۆی سۆران فاکەلتی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.

٢- زمانەوانی، د. محەمەد مەعروف فەتاح، هەولێر ،٢٠١١، چاپخانەی حاجی هاشم.
٣- د. عەبدولواحد مشیر دزەیی، پراگماتیک، هەولێر، ٢٠١٣، چاپخانەی پاک.
٤- محمد محمد یونس، مقدمه فی علم الدلالەو التخاطب، ٢٠٠٤، الطبعه الاولی، دار الکتب الجدیده، لیبیا.
٥- میدیا (ئەورەحمانی حاجی مەعروف)، سەرەتایەکی زمانناسی، ١٩٩٨، بەرگی یەکەم سلێمانی.
٦- مصطفی مندور، اللغة بین العقل والمغامرة، ١٩٧٤، ، ط١، القاهیره.
٧- دیل کارنجی، التاثیر فی الجماهیر عن طریق الخطابة، (د.ت)، ترجمة رمزی عیسی و عزت فهیم صالح، دار الفکر العربی.
٨- د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، ٢٠١١، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٩- سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە، شیعری حەمە عەباس.

# بەشی چوارەم

## شیکارێکی پراگماتیکی دەقی "بۆ تۆ ئەی مەرگ"ی

شەوت باش ئەی خواوەندی خەو (١)
من هاتووم بۆ لایلایەیەک (٢)
سپێدەت باش ئەی کازیوە (٣)
من هاتووم بۆ چەهچەهەیەک (٤)
مردنت باش ئەی عاشق (٥)
من هاتووم بۆ گلکۆیەکی بێ کێل (٦)
منت باش ئەی مەرگ (٧)
کە تائێستا وشەیەکم نیە بۆ تۆ (٨)

**پراگماتیک چییە؟:**

(پراگماتیک لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە کە ناچنە ناو واتاسازییەوە)، هەروەها گوتراوە (پراگماتیک بریتییە لە دۆزینەوەو هەڵبژاردنی دەوروبەری شیاو بۆ ڕستە و گوتن، واتە جوتاندنی گوتن و دەوربەر)، یاخود گوتراوە (پراگماتیک بریتییە لە لێکدانەوەی دوورنزیکی نێوانی قسەکەر و گوێگر). (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١ ؛ ١٩٠، ١٩١).

**کردە قسەیی:**

وەکو محەمەد مەعروف فەتاح دەڵێت (کردە قسەیی دابەشی سەر دووجۆر دەبێت یەکەمیان کردە قسەیی ئاشکرایە (ڕستەی ڕاپەڕاندن) ە و کردە قسەیی ناشکرا هەیە و هەروەها دووجۆری دیکەش هەیە وەکو کردە قسەیی ناڕاستەوخۆ کە جۆرێک لە جیاوازی لە نێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەیی دێتە ئاراوە و هەروەها کردە قسەی راستەوخۆ لەم حاڵەتەدا دەبێت ڕێککەوتن هەبێت لە نێوان جۆری رستەکە و مەبەستدا). ( محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٢١٠).

لێرەدا لە دێڕی (٢) و (٤) و (٦) و (٨) دا لە شێوە ڕستەی هەواڵدا دەیەوێت بە گوێگرەکەی (خواوەندی خەو و کازیوە و عاشق و مەرگ) بڵێت، ئەوە من هاتووم، لەهەمان کاتدا بە شێوازی داواکاریش لە گەڵ گوێگرەکەی دەدوێت.هەندێکجار شوێن و رۆلی قسەکەر دەگۆڕێت، لە واتای شیعریدا. بێگومان ئێمە نامانەوێت لێرەدا وشەکان

له ئاستی واتاسازی، یا رستەسازی شیبکەینەوە، بەڵکو شیکارێکی زمانەوانی لە بواری پراگماتیک بۆ ئەم دەقە شیعرەی "حەمە عەباس" دەکەین

لێرەدا گوێگر، یا کەسی سێیەم دەبێت لێکدانەوەی خۆی بۆ ( بۆچوونەکانی قسەکەر "شاعیر" هەبێت)، ئایا حیکمەت چییە و بۆچی قسەکەر شەوی بە خواوەندی خەو داناوە.. بۆچی لە کازیوەدا داوای چەهچەهەیەک دەکات و عاشق دەبێت گلکۆی بێ کێڵ بێت و بۆ مەرگیش هیچ وشەیەکی نییە.

(ئەی مەرگ) ئامرازی بانگکردنە وەکو چۆن لە (ئەی خواوەندی مەرگ و ئەی کازیوە)شدا (ئەی) هەمان رۆلی هەیە.

لە هەمان کاتدا لە رستەی (٢) و (٤) و (٦) و (٨)دا ئەو لە شێوەی داواکاری، دەیەوێت گوێگرەکەی بدوێنێت. راستە داواکانی پڕ پڕن لە بێ ئومێدی، لە ماندووبوون، لە بێ ناونیشانی و خۆ بەدەستەودانی (شەو)، کە گریمانەی ئەوە دەکەین (شەو - دەسەڵاتی خەو یەکسان کرابێت بە گلکۆی بێ ناو - مەرگ).

لێرەدا شاعیر دەیەوێت لەگەڵ (شەو) بدوێت، دیارە مەبەستی دواندنکەی لە گەڵ شەو، خودی شەو نییە، بەڵکو (پشودان) و (نووستن) و رەنگە (تاریکی و بێ ئومێدی بێت)، چونکە ئەو بەدوای مەرگدا دەگەڕێت. مەرگ وەکو نهێنی (فەلسەفی و مەرگ وەکو فیزیکی و جەستەیی). ئینجا لە گەڵ (کازیوە)دا دەدوێت، واتە لێرە لە حالەتی بێ ئومێدی بەرەو کزە ئومێدێک، بڕە هیوایەک دەگەڕێتەوە، حالەتێک دروست دەکاتەوە، بەڵام چەهچەی بولبولی دەوێت.

ئیدی لە رستەی (٥)ەمدا مەسەلەکە رونتر دەردەکەوێت و راستەوخۆ لە گەڵ (مەرگ) دەدوێت، دیالۆگی لە گەڵ دەستپێدەکات،

من گریمانەی ئەوە دەکەم، شاعیر لە ئەنجامی بێهیزی و بێ ئومێدی کاتی درێژکردنەوەی دیالۆگەکانی نییە. سەیرە لێرەدا دەتوانرێت وێنەیەکی دەروونی بۆ شاعیر دروستبکرێت کە هێندە لە گێژاوێکی ترسناک و دژواری بێ ئومێدی دەژیت، کاتی نییە بۆ درێژەپێدانی دیالۆگەکانی لە گەڵ ئەم چوار حالەتە، کە بۆ خۆی دروستی کردوون ئەویش ( خواوەندی خەو و کازیوە و عاشق و مەرگە).

لێرەدا (فەرماندان)یش دەردەکەوێت کە دەڵێ من هاتووم بۆ ئەو شتانەی لە هەر چوار حالەتدا داوای دەکات وەکو (لایلایەک و چەهچەهەیەک و گلکۆیەکی بێ کێل) و لێرەدا لە چوارچێوەی کردە قسەییەکان دەتوانین لێکدانەوەی واتایی بۆ رۆنانی وشەکان بدۆزینەوە. کە ئێمە دەزانین ئەو شتانە رونادەن و نەکردەن، بەڵام گوێگر ناتوانێت ئەم شتانە بکات.

بەڵام لە دواین دێڕدا بارەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا وەردەچەرخێت کە دەڵێت (کە تا ئێستا وشەیەکم نیە بۆ تۆ). فەرماندان نییە، بەڵکو پاڕانەوە و نوزانەوەیە، بێ دەسەڵات بوونە لەبەرانبەر وەسفکردنی مەرگ. سنورەکان بەجارێک لێی بەرتەسک دەبنەوە، ئیدی وشەی نییە بۆ ئەوەی مەرگی پێ وەسف بکات.

ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە لێرەدا کردە قسەیەکی راستەقینە دەکات، وشەیەکی بۆ مەرگ نییە، باشە گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە نازانێت واتا و بوونی مەرگ چییە و بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت لە ژیان ناگات.

**بەرگریمانە:**

لەبارەی بەرگریمانە وەها گوتراوە (بۆچونی پێشگریمانە بۆچونێکی سادە و تاکرەهەند نییە، تەنانەت لەسەرهەڵدانی بۆچونەکەشدا، لە نێوان هەردوو بواری واتا و فەلسەفەدا، تێکەڵی و تێکچڕژراوییەک هەیە). (دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٩ ، ٥٢). (پێشگریمانە سەرەتا لە لۆجیکدا هاتۆتە ئاراوە و لەهەنگاوی یەکەمیشدا باشترە لەوێوە سەیر بکرێ، لەم ڕوانگەیەشەوە پێشگریمانە پەیوەندی بە سروشتی مەسەلەکان و وێناکردنەکانیانەوە هەیە بۆ دونیای دەرەوەی خۆیان) ( دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٩ ، ٥٣).

(دیاردەی پێشگریمانە کردن، بریتییە لە هەڵێنجانی واتایەک لە ڕستەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن وەرگری ڕستەکەوە (گوتراوەکەوە)، چونکە لە ڕاستیدا وەرگر پێشگریمانە دەکا، نەک ڕستەکە.). (دیار عەلی کەمال ، ٢٠٠٩ ، ٩٦).

ئەو گریمانەی ئەوە دەکات کە ( خاوندی خەو و کازیوە و عاشق و مەرگ هەن) بۆیە قسەیان لەگەڵدا دەکات، ئەو ئەم چوار حالەتە دەکاتە کردەیەکی بەرجەستە و زیندوو، دیالۆگیان لەگەڵ ساز دەکات، هەواڵیان پێدەگەیەنێت و جۆرێک لە فەرمانی پێویست بوونیان پێدەکات.

***لە دێڕی دووەمدا***

بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت، ئەو ماندووە و خەوی دێت، پێویستی بە سۆزی دایکێکە، کەسێکە، خواوەندێکە بیلاوێنێتەوە و ئارامی بکاتەوە. واتە بەرگیمانەی ئەوەش دەکرێت، ئەو لە شەو هاتووە، کەسێکی سەردەمیانەشە بۆیە دەڵێت شەو باش، کەواتە بەرگریمانەی ئەوە دەکەین، ئەو لەسەردەمێکی مۆدێرن دەژیت، دەنا دەیگوت

سەلاوموعەلەیکم.، یا کەسێکە خوێندەوارە، ئینجا "کوردیشە" چونکە شەو باش هەر کورد بەکاری دەهێنێت. بەرگریمانەی ئەوەش دەکەین دانیشتووی شارە، بەرگیرمانەی ئەوەش دەکەین، ئاستی خوێندەواری بەرزە، چونکە بەدوای دروستکردن و لێکدانەوەی بوونی خواوەندە.

دەڵێت ( هاتووم) بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت لە رێگەیەکی دوور هاتبێت، یاخود لە ماندووبوون و  بێ خەوییەکی سەختەوە هاتبێت، بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت بە ئارەزووی خۆی هاتبێت، یا لەژێر فشارێکی دەروونی دژوار هاتبێت.

***لە دێڕی چوارەمدا***

**من هاتووم بۆ چەهچەهەیەک**

واتە بە پێی واتای سیمانتیکی ئەو دەزانێت بولبل لە بەرەبەیانیان دەخوێنێت، بەلام لە رووی پراگماتیکییەوە، بەرگیمانەی ئەوەی دەکرێت، ئەو بێداری زۆری چەشتووە، پێویستی بە دەنگی خۆشی بولبولە لە کاتی کازیوەدا. یانژی گریمانەی ئەوە دەکات، لە سپێدەدا لەگەڵ دەرکەوتنی رۆژ، خۆشی دەست پێدەکات، ئارامی و  پشودان و گوێگرتن لە ئاوازی بولبول هەیە.

***لەدێڕی شەشەمدا***

***من هاتووم بۆ گلکۆیەکی بێ کێل***

بەرگیمانەی ئەوەی دەکرێت کە عەشق مردووە، یا بەدوای گۆڕی کەسێکدا دەگەڕێت کە گۆڕغەریبە، شون بزرە.. یاخود بەرگریمانەی ئەوە دەکات هەموو عاشقێک لە کۆتایدا بێ ئەنجام دەبن و شون بزر

و بێ گۆڕ دەمێننەوە. نزیکترین بەریگرمانەش ئەوەیە ئەو بەدوای گۆڕێکی بزر و شاراوە بگەڕێت، بۆ ئەوەی تێیدا بحەسێتەوە. چونکە ئەو لە (شەو)ەوە دەست پێدەکات. کەواتە لێرەدا بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت کە عاشق بوون یەکسانە بە مردن. واتە عاشق هیچ ئەنجامێک لە عیشقدا بەدەست نایەنێت. بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت قسەکەر هێندە بێ ئومێدە، بڕوای بە خۆشەویستی وەکو (عیشقی نێوان کوڕ و کچێک، عیشقی بۆ ژیان) نەماوە.

**لە دێڕی هەشتەمدا**

**تائێستا وشەیەکم نیە بۆ تۆ**

بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئەو (تا ئێستا) وشەی بۆ پێناسەی مەرگ نییە و لە بارودۆخێکی دەروونی پڕ گێژاو دەژیت، کە ڕەشبینی تێدا زالە. شاعیر (قسەکەرە) ڕەشبینە، بەڵام بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت، لەبەر ئەوەی دەڵێت (تا ئێستا) ، هەرچەندە جەخت کردنەوەیەکی توندی تێدایە، بەڵام بەیانی مەسەلەکە بگۆڕێت، چونکە ئەو لێرەدا سنوری بۆ کاتەکە داناوە، کە تا ئێستایە وشەی بۆ مەرگ نییە، ناڵێت هەتا هەتایە. بەڵام بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت پێداگرییەکی سەخت لە هەمان ئەو حالەتە بکات، چونکە قسەکەر دەڵێت (منت باش ئەی مەرگ). لێرەدا دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئیدی قسەکەر لە حالەتی خۆکوشتن دایە، خۆ کوشتنێکی دەروونی، خۆکوشتنێک کە بێ ئومێدی بەسەریدا زالە. بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت ژیان بەهای لای قسەکەر نەبێت.

لێرەدا بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت کە لای قسەکەر ( شەو و خواوەندی خەو) واتە (تاریکی و کارنەکردن- پاڵدانەوە و

بیرنەکردنەوە) هەیە، (بەیانی و کازیوە )هەیە بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت (لە دوای هەر تاریکیەک ڕووناکیەک دەردەکەوێت، بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت (عەشق کارێکی سەختە) و (ژیان تاڵە). کەواتە بەرگریمانەی ئەوە دەکرێت قسەکەر ژیانی لە تاریکی و نەزانین و پڕ کێشەیی راکێشابێت، بۆ بەیانی و کازیوەیەک و ئینجا قۆناغی عاشق بوون و دواتیرش بێ ئومێدی کە مردنە و کەسیش ناتوانێت وەسفی ئەو کۆتاییەی ژیان بکات کە لە بێ ئاگاییەوە (لە خەوتنێکەوە) دەست پێدەکات و لە بێ ئیرادەییش کۆتایی دێت.

بەرگریمانەی ئەوەش دەکرێت بە پێی وشەی (سپێدە) قسەکەر لە (هەولێر) بێت، چونکە ئەم ناوچەیە پتر وشەی (سبەینە) و لە بادینانیش (سپێدە) بەکاردەهێنن و هەولێریش پتر پێشوازی لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە وشانە دەکات.

**لێکەوتە ئاخاوتنییەکان:**

باسەرەتا بزانین لێکەوتە ئاخاوتنییەکان چی دەگرێتەوە (کاتێک قسەکەر کە مەبەستێک یان پەیامێکی دەبێت لە ڕێگەی گوتنەوە دەیگەیەنێتە گوێگر) (عومەر مەحمود کەریم، ٢٠٠٩ ،٣). (ئەو شتەش دەبێت زیاتر بێت لەوەی کە وتەکە نیشانی دەدات، ئەم واتا زیادەیە پێی دەگوترێت لێکەوتە، کەواتە لێکەوتە ئەوەیە، کە قسەکەر پێشبینی دەکات و گوێگریش بە پشبەستن بە بنەمای هاریکاری هەڵی دەهێنجێنێت). (عومەر مەحمود کەریم ،٢٠٠٩ ، ٤).

بە پێی بۆچوونەکانی گرایس ( واتای راستەوخۆ دەچێتە ژێر پرسیاری (چ دەڵێت؟) و ئەم جۆرە واتایە بەرێگەی واتای فەرهەنگی وشەکان بەدەستدێت، بەڵام واتای ناراستەوخۆ پەیوەندی بە پرسیار

(مەبەستی ئەو چییە؟) هەیە و ئەمجۆرە واتایە لە ڕێگەی واتای فەرهەنگی وشەکان بەدەست نایەت، بەڵکو شرۆڤەی ئەمجۆرە واتایە پەیوەستە بە دەورەبەرەکەی). (شێرزاد سەبری عەلی، ٢٠١٤، ١٦٢).

لە (گرینگترین جیاکەرەوەکانی لێکەوتەکان ئەوەیە کە شیکارییەکی روون دەربارەی توانای قسەکەر پێشکەش دەکات، لەبارەی ئەوەی کە واتای قسەکانی لەوە زیاترە کە دەیلێت، یاخود زیاتر لەوە دەگرێتەوە کە لەواتا راستەقینەکەی دەیلێت ). ( عادل فاخوری، عالم فکر ،١٩٨٩، ١٤١).

بەگشتی دەکرێت بڵێم ئەم کورتە شیعرەی حەمە عەباس کە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە روانگەی پراگماتیک بۆ دەکرێت و دەخرێتە ژێر تیشکی بۆچوونەکانی گرایس، لە گەڵ ئەو بەشەی توێژینەوەی زمانەوانی چاکتر دەگونجێت، چونکە کاتێک باسی شیعرەکە و حاڵەتی دەربڕینەکانی قسەکەر کە (شاعیرە) دەکەین، نەک ئاخاوتنێکی ئاسایی، لەم بەشەی پراگماتیکدا دەکرێت بڵێن باشتر لە ئەنجامی سەیرکردنی هۆرمەنەکانی دەقە شیعرییەکە دەگەیەین و دەرفەتی چوونە نێو بازنەی ( بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی) پراگماتیکمان لا گونجاوتر دەبێت، چونکە قسەکان هەر هێندە زانیاریت دەدەنێ کە پێویستن، هەروەها راستیشت بە پێی بیرکردنەوە و قسەکانی خۆی پێدەبەخشێت. بۆ نمونە

***+ شەوت باش ئەی خواوەندی خەو***

***- من هاتووم بۆ لایلایەیەک***

***ئەوجا دەڵێت***

***+ سپێدەت باش ئەی کازیوە***

- *من هاتووم بۆ چەهچەهەیەک*

**دێڕی دووەم**

**من هاتووم بۆ لایلایەیەک**

قسەکەر (شاعیر) دوور لە سۆز و لاواندنەوەیە، هەروەها خەوی نییە، بۆیەشە لە گەڵ خواوەندی خەو دەدوێت.. لێرەدا شێوازی ناراستەوخۆیە کاتێک دەڵێت: (شەوت باش ئەی خواوەندی خەو)، ئەو دەیەوێت لە گەڵ دەسەڵاتی خەو، بدوێت و داوای لێدەکات بیلاوێنێتەوە. لەراستیدا مەبەستی خەو نییە، بەڵکو هێزێکی دیکە هەیە، کە شەو و خەو، تاریکی و دواکەوتن، کوێرەوەی و بیرنەکردنەوە، کارنەکردن و دواکەوتن، خەو و مردن، کات و پاڵکەوتن بەیەک دەبەستێتەوە.

**بنەمای چەندایەتی:**

**دێری هەشتەم**

( وشەیەکم) نیە لێرەدا واتا یەک وشە، یا هیچ وشەیەکم نییە،راستە ژمارەی دیار نەکردووە، بەڵام لەرووی بنەمای هاوکاری کە گرایس دیاری کردووە وشەیەکم نییە، دەچێتە ریزی لادان لە بنەمای چەندایەتی، چونکە دیار نییە چەند (وشەی نییە)، یا رێژەی وشەکە چەندە. یاخود دەڵێت (لایلایەیەک و چەهچەهەیەک، و گۆرێک) ئەمانەش لادانە و دیار نییە چەندی دەوێت. چونکە ئەگەر مەبەستی یەکجار لایلایە بێت، ئەمە چەندایەتییە، بەڵام لایلایە ناژمێردێت، کە ئەگەر مەبەست خودی لایلایەکە بێت، ئەمەش دەبێتە لادان، وەکو چۆن چەهچەهەش ئاوازی بولبولە ناژمێردرێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی

یەک سپێدە بێت، دەنگی بولبولی تێدا بێت، ئەمەش دیارکردنی کاتێکە و کۆتایی هەیە. هەمان شتیش بۆ گۆڕەکە.

**لادان لە بنەمای چۆنیەتی:**

کە لە گەڵ خواوەندی خەو دەدوێت و بەیانی باش لە کازیوە دەکات و لە گەڵ مەرگ دەدوێت. قسەکەر لە دێڕی یەکەم زیادەڕۆیی لە واتا دەکات کە شەو باش لە خواوەندی خەو دەکات، چونکە لێرەدا خواوەندی خەو شتێکی بەرجەستە نییە، بەڵکو قسەکەر دەیەوێت واتای دیکە، بۆ بەهێزکردنی مەبەستەکەی بدۆزێتەوە، ئیدی دەچێتە لوتکە، لەوێ لەگەڵ خواوەند دەدوێت. ئەم دووانەش گەڕانە بەدوای پشوو. یا خود گەڕانە بەدوای تاریکی. لەهەمان کاتدا لەرووی فیزیکییەوە (خەو یەکسانە بە مردن). کەواتە خواوەندی (مردن)ی مەبەستە. نەک خەو.

لێرەدا میتافۆرە، سەیر کەن گیانی وەبەر (شەو و گزنگ و مردن) کردووە، هەروەها دەڵێت عاشقیش کە زیندووە (مردنت باش). بزانە جێگۆڕکێیەکی فەلسەفی، بەم حالەتانە دەکات. مردوو، دەکاتە زیندوو، زیندووش بە (مردنت باش) دەسپێرێت..

**لادان لە شێواز:**

**لە دێڕی پێنجەمدا**

**مردنت باش ئەی عاشق**

ئەمە لادانە لە بنەمای شێواز، چونکە وشەی لێلی بەکارهێناوە (منت باش ئەی مەرگ).

بەڵام کاتێک دەگەڕێینەوە نێو سروشتی دەقی شیعری، تێدەگەین قسەکەر لە دوو ئاست و حالەتی جودای دەروونیدا قسەدەکات.

**(مردنت باش ئەی عاشق، منت باش ئەی مەرگ)**، کەواتە دەکرێت لێرەدا بەلادان لە شێواز دابنرێت، چونکە دەکرێت قسەکەر خودی عاشقەکە بێت و مردن باش لە خۆی بکات، هەروەها هەر خۆشی منەکەیە کە پێشوازی لە مەرگ دەکات.

**بنەمای پێوەندی:**

بەڵام بە پێی ئەو بنەمایانەی پەیوەستن بە پێوەندی دەکرێت بڵێین ئەم دەقە شیعرییە پشت بە بنەمای زێدەڕۆیی دەبەستێت، چونکە قسەکان لە گەڵ واقیع ناگونجێت، کەسێک قسە لە گەڵ مەرگ و عاشق وەکو بوونێکی رۆحی و کازیوە و خواوەند بکات، کە ئەوانە گیان لەبەر نین. هەروەها زیادەڕۆییە، کە ئەوانە گیان وەبەردەهێنێت و رۆلیان لە نێو دەقەکە وەکو گوێگرێکی بێ وەڵام، بەڵام خودان هەست و نەست وەسف کراون.

**نیشانەکانی پراگماتیکی:**

ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە، واتای ئاماژەکردن بۆ شتەکان دەگەیەنێت، دیڤید کریستال پتر ئەم بوارەی روون کردۆتەوە و دەڵێت نیشانە پراگماتیکیەکان پەیوەندیان بەو دەوروبەرە هەیە کە تێیدا بەکاردێت.

نیشانە پراگماتییەکان بە گشتی بریتین لە: نیشانە کەسییەکان، نیشانەکانی شوێن، نیشانەکانی کات، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان.

لەم دەقەدا (قسەکەر و گوێگر) هەیە:

نیشانە کەسییەکان ( من ، م– (من) ، ت – (تۆ)، تۆ) هەیە.

نیشانەکانی کات و شوێن (شەو، هاتووم ( لەسەردەمێک، یا شوێنێک)، سپێدە، کازیوە، گلکۆ، تا ئێستا).

نیشانەی بانگ و وریاکردنەوە (ئەی).

## سەرچاوەکان:

١- حەمە عەباس، سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە،هەولێر، چاپی دووەم ٢٠١٣، لاپەڕە. ١٦٢.
٢- د. قەیس کاکل توفیق، کوردستان رەفیق محیدین، سرودی ئەی رەقیب لیکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، زانکۆی سۆران، ٢٠١٤.
٣- د. قەیس کاکل توفیق، وانەکانی کۆرسی ماجستەر، زمانی کوردی، زانکۆی سۆران، ٢٠١٥.
٤- دیار عەلی کەمال، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٩.
٥- د.شێرزاد سەبری عەلی، پراگماتیک، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١٤.
٦- عومەر مەحموود کەریم، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زمان،٢٠٠٩.
٧- د. محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، هەولێر، ٢٠١١، چاپخانەی حاجی هاشم.
٨- گۆڤاری عالم الفکر، عادل فاخوری، الاقتضاء فی التدوال اللسانی، العدد الثالث، اکتوبر ، نوڤیمبر، دیسمبر ١٩٨٩.